

جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
الجامعة العراقية
ISSN Online:2663-7502
ISSN Print : 1813 - 4521
الجامعة العراقية
AL IRAQIA UNIVERSITY
مجلة الجامعة العراقية
عدد خاص بأبحاث
المؤتمر العلمي الدولي الرابع
المشترك بين
الجامعة العراقية وجامعة دهوك
بالتعاون مع
مركز نون للبحوث والدراسات المتخصصة
للمدة من ١٦- ١٧ كانون الاول ٢٠٢٠
المجلد الثاني
يصدرها مركز البحوث والدراسات

الجامعة العراقية
مركز البحوث والدراسات

مركز نون للبحوث والدراسات المتخصصة

جامعة دهوك
كلية التربية الاساس

## فهرست ابحاث المؤتمر العلمي الدولي الرابع المشترك الثاني

### "المستجدات الحديثة في التعليم العالي في ظل التعليم الالكتروني"

16-17 كانون الاول 2020 (المجلد الثاني)



| | | | |
|---|---|---|---|
| .15 | Asst. Lecturer: Noor Saady Essa | An Analysis of the Nrrator's Alienation in Margaret Atwood's Surfacing | 283-267 |
| .16 | Ahmed abed Abbas | Les dimensions philosophiques et politiques dans le théâtre de Sartre "Les Mouches" est un exemple | 302-284 |
| .17 | م.ی دیار عبدالباقی خلیل<br>پ.ی.د پولا عبدالصمد محمود<br>ماموستا شیروان شریف عزیز | لێکەوتەکانی نەبوونی پەروەردەی فەلسەفی لە هزری کوردیدا | 320-303 |
| .18 | أ.م.د امل فتاح زيدان العباجي<br>م.بان انور عبد القادر الخيرو | دافع الانجاز لدى طلبة جامعة الموصل المشاركين وغير المشاركين بورش العمل (دراسة مقارنة ) | 337-321 |
| .19 | م.أفراح إبراهيم سعيد صالح | دور المعلِم المعاصر في مواكبة المستجدات المعاصرة | 363-338 |
| .20 | م. بان انور عبد القادر الخيرو<br>م.م هبة محمد صالح الحافظ | الطرائق المستخدمة من قبل معلمات رياض الاطفال في تدريس العلوم لأطفال الروضة | 389-364 |
| .21 | م.م حيدر عباس عبدالامير | إعداد مقياس للقلق والتوتر النفسي لدى معلمين المدارس الابتدائية في محافظة بابل | 416-390 |
| .22 | م.م دينا أحمد مهدي العزاوي | اثر استراتيجية مثلث الاستماع (التعلم النشط) في تحصيل طلاب الصف الخامس الاعدادي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية | 442-417 |
| .23 | د. هدى هادي محمود<br>م.م. رشا سهيل | التعليم الالكتروني و اثره على مستوى التعليم في ظل جائحة كورونا (العراق إنموذجاً) | 462-443 |
| .24 | م.م زينة بسام صالح محمود | البرمجة الصورية والروبوت التعليمي وسيلة لتحقيق التعليم الممتع لتلاميذ المرحلة الابتدائية | 474-463 |
| .25 | م.د. زينة عبد الامير حسن | الجوده الشامله واهميتها في العمليه التعليميه | 495-475 |
| .26 | أ.ك .د. امل محمد عبد الله البدو | دور التعلم الرقمي في مواجهة تحديات التعليم في ظل الظروف الطارئة | 524-496 |
| .27 | م.م فؤاد ياسين ليلو | نشأة و تطور التعليم المهني في محافظة الانبار ثانوية الرمادي الزراعية نموذجا 1956 – 1968 | 536-525 |
| .28 | پ.د. عەبدوللا حوسێن رەسول | دەرزەنێك هەڵەی باوله ڕێزمانی دێریندا | 574-537 |

# [[دەربزەنێك هەڵەی باو لە ڕێزمانی دێریندا]]

پ.د. عەبدوڵلا حوسـێن ڕەسـول
زانكۆی سـەڵاحەددین ــ هەولێر
بەشی كوردی / كۆلێژی زمان
abdulla.raswl@su.edu.krd

لە ڕێزمانی لاساییكەرەوەی دێریندا كۆمەڵێك لێكدانەوەی هەڵە دەربارەی ڕەگی كار كراون، بە داخەوە بە هۆی لاساییكردنەوە، بوون بە هەڵەی باو و زۆر لە زمانناسان بەبێ پشكنین دوبارەیان كردونەتەوە. لێرەدا تەنیا باسی دوانزە لەم هەڵە باوانە دەكەین:

1ـ باوەڕهێنان بە بونی ڕستەی ناوی و ڕستەی كاری.
2ـ دانانی (ە)ی مۆرفیمی كاتی ئێستا بە كاری بێهێز.
3ـ دانانی توخمی ڕەگی كاری تێنەپەڕی بەركاری بە بكەر.
4ـ هەڵە لە دۆخی فەرماندان.
5ـ دانانی دو جۆری ڕەگ: ڕەگی ڕابوردو و ڕەگی ڕانەبوردو.
6ـ دانانی (اندن) بە پاشگری تێپەڕاندن.
7ـ دانانی (را) و (رێ) بە ئامرازەكانی بكەرنادیاری ڕابوردو و ڕانەبوردو.
8ـ دانانی (ت)ی ناوپری كۆتایی كارەكان بە بەشێك لە ڕاناوی لكاوی كەسی دوەمی تاك و كەسی سێیەمی تاك.
9ـ دانانی (بون) و (هەبون) بە تێپەڕ.
10ـ دانانی ڕەگی كار بە مۆرفیمێكی سەربەخۆ.
11ـ هەڵە نوسینی كارەكان لەگەڵ ڕاناوەكان.
12ـ هەڵە نوسینی ڕابوردوی تەواو لە چاوگە (و)ییەكاندا.

لێرەدا هەوڵدەدەین، یەكە یەكە ئەو هەڵانە تاوتوێ بكەین:

1ـ باوەڕهێنان بە بونی ڕستەی ناوی و ڕستەی كاری:

زمان، بریتیە لە دەنگ و واتا و چالاكترین و گرنگترین ئامرازە كە بیرۆكەكان لە مێشكی قسەكەرەوە دەگوازێتەوە بۆ مێشكی گوێگر، بەوەی واتاكان لە زنجیرە دەنگەكان باردەكرێن. بە پێی ئابوری زمان (إقتصاد اللغة) تاكو زنجیرە دەنگەكان كورتتر بن و واتا باركراوەكان زۆرتر بن، قسەكەر پتر قازانج دەكا، چونكە كات و وزەی زۆرتری بۆ دەگەڕێتەوە. یەكێ لە ڕێگەكانی ئەو كورتبڕیە، سوان (یان كرتان)ی دەنگەكانە. قسەكەر حەزدەكا زۆربەی كەرسەكانی ڕستە بسوێن، تاكو بە كەمترین وزە و كورتترین كات پەیامەكەی بگەیێنێ، بەڵام لەم دۆخەدا گوێگر دەبێتە ڕێگر و تێیناگا، چونكە پێویستی بە كات و وزەی زۆرتر دەبێ، تا لە پەیامەكە بگا. بۆیە، سنوری ڕێگەپێدراوی كورتبونەوەی ڕستە، تا ئەو ڕادەیەیە كە گوێگر



# شهادة مشاركة

## أ.د عبد اللّه حسين رسول

تؤيد الجامعة العراقية وجامعة دهوك

مشاركتكم بصفة (باحث)

في اعمال المؤتمر العلمي الدولي الرابع- المشترك الثاني والذي أقيمَ بعنوان

(المستجدات الحديثة في التعليم العالي في ظل التعليم الالكتروني)

بالاشتراك مع


**مركز نون للبحوث والدراسات المتخصصة**

للمدة من ١٦- ١٧/ كانون الاول ٢٠٢٠

متمنين لكم دوام التوفيق والنجاح خدمة للمسيرة العلمية

أ.م.د. نشوان محمود الصفار
رئيس المركز

أ.د. اسماعيل أحمد سمو
رئيس المؤتمر


شكر و تقدير

## [[دەرزەنێک هەڵەی باو لە ڕێزمانی دێریندا]]

**پ.د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول**

**بەشی کوردی ـ کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین**

**لە لاپەڕە (٥٣٧-٥٧٤)ی بەرگی دوەمی گۆڤاری زانکۆی عێراقیە، ژمارەی تایبەت بە کۆنگرەی زانستیی نێودەوڵەتیی چوارەم، لە ١٦-١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.**

لە ڕێزمانی لاسایکەرەوەی دێریندا کۆمەڵێك لێکدانەوەی هەڵە دەربارەی ڕەگی کار کراون، بە داخەوە بە هۆی لاساییکردنەوە، بوون بە هەڵەی باو و زۆر لە زمانناسان بەبێ پشکنین دوبارەیان کردونەتەوە. لێرەدا تەنیا باسی دوانزە لەم هەڵە باوانە دەکەین:

**١ـ باوەڕهێنان بە بونی ڕستەی ناوی و ڕستەی کاری.**

**٢ـ دانانی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا بە کاری بێهێز.**

**٣ـ دانانی توخمی ڕەگی کاری تێنەپەڕی بەرکاری بە بکەر.**

**٤ـ هەڵە لە دۆخی فەرماندان.**

**٥ـ دانانی دو جۆری ڕەگ: ڕەگی ڕابوردو و ڕەگی ڕانەبوردو.**

**٦ـ دانانی (اندن) بە پاشگری تێپەڕاندن.**

**٧ـ دانانی (را) و (ڕێ) بە ئامرازەکانی بکەرنادیاری ڕابوردو و ڕانەبوردو.**

**٨ـ دانانی (ت)ی ناوبڕی کۆتایی کارەکان بە بەشێک لە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاک و کەسی سێیەمی تاک.**

**٩ـ دانانی (بون) و (هەبون) بە تێپەڕ.**

**١٠ـ دانانی ڕەگی کار بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ.**

**١١ـ هەڵە نوسینی کارەکان لەگەڵ ڕاناوەکان.**

**١٢ـ هەڵە نوسینی ڕابوردوی تەواو لە چاوگە (و)ییەکاندا.**

لێرەدا هەوڵدەدەین، یەکە یەکە ئەو هەڵانە تاوتوێ بکەین:

**١ـ باوەڕهێنان بە بونی ڕستەی ناوی و ڕستەی کاری:**

زمان، بریتیە لە دەنگ و واتا و چالاکترین و گرنگترین ئامرازە کە بیرۆکەکان لە مێشکی قسەکەرەوە دەگوازێتەوە بۆ مێشکی گوێگر، بەوەی واتاکان لە زنجیرە دەنگەکان باردەکرێن. بە پێی ئابوری زمان (إقتصاد اللغة) تاکو زنجیرە دەنگەکان کورتتر بن و واتا بارکراوەکان زۆرتر بن، قسەکەر پتر قازانج دەکا، چونکە کات و وزەی زۆرتری بۆ دەگەڕێتەوە. یەکێ لە ڕێگەکانی ئەو کورتبریە، سوان (یان کرتان)ی دەنگەکانە. قسەکەر حەزدەکا زۆربەی کەرەسەکانی ڕستە بسوێن، تاکو بە کەمترین وزە و کورتترین کات پەیامەکەی بگەیێنێ، بەڵام لەم دۆخەدا گوێگر دەبێتە ڕێگر و تێیناگا، چونکە پێویستی بە کات و وزەی زۆرتر دەبێ، تا لە پەیامەکە بگا. بۆیە، سنوری ڕێگەپێدراوی کورتبونەوەی ڕستە، تا ئەو ڕادەیەیە کە گوێگر تێیدەگا. وەك دەبینرێ، زۆرجار مۆرفیمی ئارایی وەك پێشگری کاری فەرماندان ئەسوێ، چونکە واتای ناگۆڕێ:

◄ گڵۆپەکان دابگیرسێنە و یاریەکانت هەڵبگرە و پەرتوکەکانت دەربێنە.

کەواتە؛ سوانی دەنگەکان و مۆرفیمەکان لە ئاخاوتندا ئاساییە، ئەگەر نەبنە هۆی واتاگۆڕین. لە هەر گروپێکی کەرەسەکاندا تەنیا یەك ئەندامی ئەو گروپە دەتوانێ لەو بارودۆخەی کە واتا ناگۆڕێ ببێتە سفر. بۆ نمونە لە گروپی ڕەگی کارەکاندا، تەنیا ڕەگی (بون/ هەبون) دەتوانێ ببێتە سفر. لە گروپی ڕاناوە لکاوەکاندا کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن. لە کاری فەرماندا ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك. مۆرفیمی کاتی ئێستا ئەلۆمۆرفێکی سفری هەیە. مۆرفیمی کاتی داهاتو ئەلۆمۆرفێکی سفری هەیە.....هتد.

ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا لە زۆر لە زمانەکان (کوردی، عەڕەبی، ئینگلیزی....) وەکو یەکە، بەوەی ڕەگی کاری (بون، کینونة،Been......) دەرناکەوێ. چونکە ئەگەر دەرکەوێ، واتای ڕستەکە دەگۆڕێ. بۆ نمونە:

| ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا | ڕەگی بون | ئەگەر ڕەگی بون دەرکەوێ |
|---|---|---|
| کوڕەکەم زیرەکــە.← | (ب) | (کوڕەکەم) زیرەکــبــە. |
| ولدي ذكي.← | (كن) | (ولدي) كن ذكيا. |
| ←My son[1]is clever. | (be) | (My son) be clever. |

لەم نمونانەی سەرەوە دەرەکەوێ، لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا ڕەگی چاوگی (بون) دەرناکەوێ، ئەگەر دەرکەوێ دو گۆڕانکاری بەسەر واتای ڕستەکاندا دێ:

١ـ ڕستەکە لە لە هەواڵدانی کاتی ئێستا دەگۆڕێ، بۆ ڕستەی فەرماندان.

٢ـ کەسەکە لە کەسی سێیەم دەگۆڕێ بۆ کەسی دوەم.

ئایا بەڵگە چیە کە ڕەگی کار لەو ڕستەیەدا هەیە؟

ئەگەر دەمکاتەکانی تر لەسەر ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا تاقیبکەینەوە، شوێنی ڕەگی چاوگی (بون) لە هەمو دەمکاتەکاندا دەرەکەوێ، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بونی ڕەگی کار و دەرنەکەوتوە، چونکە ئەگەر دەرکەوێ، واتای هەواڵدانی کاتی ئێستای نامێنێ:

| کاتی ئێستا | کاتی ڕابوردو | کاتی ڕانەبوردو | کاتی داهاتو | کاری فەرماندان |
|---|---|---|---|---|
| جوانـ( Ø )ـە | جوانـ( بـ )ـو | جوان ئە( بـ )ـێ | جوان ( بـ )ـێ | جوان ( بـ )ـە |
| ژیـــر( Ø )ـە | ژیـــر( بـ )ـو | ژیـــر ئە( بـ )ـێ | ژیـــر ( بـ )ـێ | ژیـــر ( بـ )ـە |
| زیرەکـ( Ø )ـە | زیرەکـ( بـ )ـو | زیرەك ئە( بـ )ـێ | زیرەك ( بـ )ـێ | زیرەك ( بـ )ـە |

وەك لە نمونەکانی سەرەوەدا دەرکەوتوە، ڕەگی کار لە هەمو دەمکاتەکاندا دەرەکەوێ، تەنیا لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا نەبێ، ئەمەش هۆی ئەوەیە، ئەگەر دەرکەوێ مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ لە هەواڵدان بۆ فەرماندان، لە کەسی سێیەمی تاك و لە کەسەکانی تر دەبنە مەرجی یان داخوازی.

| ڕستەی مەرجی یا داخوازی | فرێزی ناوی | ڕەگی کار | مۆرفیمی داهاتو ( ێ/Ø ) | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| ژیـــربـØـم | ژیـــر | بـ | Ø | م |
| زیـرەکبـØـی | زیـــرەك | بـ | Ø | ی |
| پـیـــاو بـێØ | پـیـــاو | بـ | ێ | Ø |

تەنانەت لە ڕستەی پرسیاریی کۆمەڵایەتیشدا، هەمان دیاردە ڕودەدا. وەك:

| فـــرێـــزی نـــــــاوی | | فـــرێـــــــزی کـــــــــــاری | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕستەی کاتی ئێستا | فرێزی ناوی | ڕەگی کار | مۆرفیمی ئێستا ( ە/Ø ) | ڕانـــــــاوی لـکــــاو |
| چـــــۆنـØـØـی؟! | چـــــۆنـ | Ø | Ø | ی ( ڕاناوی کەســـی دوەمی تـاك ) |
| چـــــۆنـØـØـن؟! | چـــــۆنـ | Ø | Ø | ن ( ڕاناوی کەســـی دوەمی کۆ ) |
| چـــــۆنـØەØ؟! | چـــــۆنـ | Ø | ە | Ø ( ڕاناوی کەسی سێیەمی تـاك ) |

دەرنەکەوتنی ڕەگی کار لەم جۆرە ڕستانەدا، زمانەوانانی بە هەڵە بردوە و دو جۆر ڕستەیان دەستنیشانکردوە: ڕستەی ناوی و ڕستەی کاری[2]:

---

١() لە بنەڕەتدا مۆڕفیمەکانی (is, are, was, were) مۆڕفیمی کاتن بۆ تاك و کۆی ڕانەبوردو و ڕابوردو. بەراوردی ئەم دو ڕستەیە بکە: (He is watching TV now.) لە بکەردیار، لە بکەرنادیاردا دەبێتە: (TV is being watched now.). ئایا لە ڕوی لۆجیکیەوە گونجاوە سێ کار بەدوای یەکدا بێن و دوانی یەکەم گەردانکراوی چاوگی (been) بن؟.

(٢)د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (٢٠٠٤). وشەی سفر و مۆڕفیمی سفر. گۆڤاری زانکۆی دهۆك، پەربەندا (٧)، هژمارا (١)، ل١٣ـ٢٨.

- ( ڕابــوردو ): منـاڵەکە زیرەك بـــوØ. ﴿ ڕســـتەی کاری ﴾.
- ( ڕانەبوردو ): منـاڵەکە زیرەك دەبێØ. ﴿ ڕســـتەی کاری ﴾.
- ( داهــاتــو ): منالّەکە زیرەك بـــێØ. ﴿ ڕســـتەی کاری ﴾.
- ( ئـێـســـتا ): منالّەکە زیـرەکـØـــەØ. ﴿ ڕســـتەی ناوی ﴾.

لەم جۆرە ڕستانەدا زمانەوانان (مناڵەکە)یان بە نیهاد و (زیرەکە)یان بە گوزارە داناوە. بە لاساییکردنەوەی زمانی عەرەبی کە (الولد ذکي) بە (الجملة الإسمیة) دانراوە و (الولد) بە موبتەدا و (ذکي) بە خەبەر دانراوە، بە هەمان شێوە لە فارسیشدا بە نیهاد و گوزارە دانراون.

کەواتە؛ هەرگیزاو هەرگیز ڕستە بەبێ ڕەگی کار دروستنابێ، چونکە ڕەگی کار گۆڕانکاری دەرەخا و ئەگەر گۆڕانکارییەك دەرنەخرێ ڕستە دروستنابێ. ڕۆڵی مۆرفیمەکانی کاتیش تەنیا ئەوەیە، کاتی گۆڕانکاریەکە دەرەخەن.

شایانی ئاماژە پێکردنە، تەنیا ڕەگی چاوگی (بون/ هەبون) دەتوانێ ڕستە لە هەمو دەمکاتەکان دروستبکا. ڕەگی هیچ کارێکی تر ناتوانێ، ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دروستبکا. هەروەها ڕستەی کاتی داهاتوش تەنیا ئەو ڕەگە دەتوانێ بە تەنیا دروستیبکا. سەرباری ئەوەش یارمەتی هەمو ڕەگەکانی تر دەدا، تاکو ڕستەی داهاتو (مەرجی/ داخوازی) دروستبکەن. سەرباری ئەوەش زۆرجار ناوی (بون)یان ناوە: کاری ناتەواو، یان کاری بێهێز.(چاوگی ـ بوون ـ لە توخمی کارە یاریدەدەرەکانە و بێ هێز و تێ نەپەڕە)[1]. {کاری (بوو) ناتەواوە و.... پێی دەبێژرێ کاری ناتەواوی یاریدەدەر}[2].

**٢ـ دانانی (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا بە کاری بێهێز:**

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەرنەکەوتنی ڕەگی کار لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا، هەروەها دەرکەوتنی (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا، زمانەوانانی بە هەڵەدا بردوە و زۆربەیان ئەو (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستایان بە کار یان فرمانی بێهێز داناوە[3]. {لەبەر کزی دەنگی (ە)، کاتێ ڕاناوەکان دەرئەکەون، ئەم مۆڕفیمە تیائەچێ و لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێ و ئەبێ بە مۆڕفیمی سفر ()}[4]:

**کەسی یەکەمی تاك ( م ) : جوانـ( Ø )م، ژیر( Ø )م، زیرەکـ( Ø )م**

**کەسی دوەمی تاك ( ی ) : جوانـ( Ø )ی، ژیر( Ø )ی، زیرەکـ( Ø )ی**

**کەسی سێیەمی تاك ( Ø ) : جوانـە( Ø )، ژیرە( Ø )، زیرەکـە( Ø )**

**کەسی یەکەمی کۆ ( ین ) : جوانـ( Ø )ین، ژیر( Ø )ین، زیرەکـ( Ø )ین**

**کەسی دوەمی کۆ ( ن ) : جوانـ( Ø )ن، ژیر( Ø )ن، زیرەکـ( Ø )ن**

**کەسی سێیەمی کۆ ( ن ) : جوانـ( Ø )ن، ژیر( Ø )ن، زیرەکـ( Ø )ن**

بەم پێیە، لەبەر ئەوەی ڕەگی کار دەرنەکەوتوە و (ە)ی مۆڕفیمی ئێستا لە کەسی سێیەمی تاك دەرکەوتوە، وایانزانیوە کارە و بە کاریان داناوە. تەنانەت هەندێ کەس تێکڕای ڕاناوە دەرکەوتوەکانیشیان لەگەڵ (ە)ی مۆڕفیمی ئێستا بە کاری بێهێز داناوە.{لە سادەترین و لە بنجترین بەکارهێناندا، مۆڕفیمی ئێستایی (ــە) لە شەش ڕێژەدا دەردەکەوێت، وەك}[5]:

| | | |
|---|---|---|
| **مـــن (م): ئێمە(ین)** | **مـــن جوان (م): ئێمە جوان(ین)** | **من بۆ تۆ (م) : ئێمە بۆ تۆ (ین)** |
| **تۆ (یت): ئێوە (ن)** | **تۆ جوان (یت): ئێوە جوان (ن)** | **تۆ بۆ من (یت):ئێوە بۆ ئەوان (ن)** |
| **ئـەو (ە): ئەوان(ن)** | **ئـەو جوان (ە): ئەوان جوان(ن)** | **ئەو بۆ من (ــە):ئەوان بۆ ئێوە (ن)** |

**سێت = (م، یت، ــە، ین، ن، ن)**

١()ڕەئووفی ئەحمەد ئاڵانی. (مایسی ١٩٨٠). گەردانی ـ بوون... گۆڤاری رۆشنبیری نوێ. ژمارە ٨٠. بەغدا. ل١٣.

٢()ڕەئووفی ئەحمەد ئاڵانی. (شوباتی ١٩٨٥). کاری هەبوون. گۆڤاری کاروان. ژمارە (٢٩). هەولێر. ل١٥.

٣()وریا عمر أمین. (ئاداری ١٩٨٤). یاسایەکی فۆنۆلۆجی. گۆڤاری کوردستان. ژمارە (٦٦). بەغدا. ل٥٢.

٤()عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (٢٠١٤). مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار. (نامەی دکتۆرا/١٩٩٥). لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی. ل١٠٣.

٥()پرۆفیسۆری هاریکار د. شێرکۆ بابان. (ئەیلولی ٢٠٠٦). مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە سێتی ڕێزمانیدا. گۆڤاری نووسەری نوێ. ژمارە (٣٤). ل٦٣.

مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا لە بنەڕەتدا واتای نزیکیی ئەگەیێنێ، بەهۆی ئەم واتایەوە توانیویەتی لە وشەسازیدا کۆمەڵێك ڕۆل ببینێ و بە پێی ئەو پێکهاتەی تیایدا بەشداری دەکا، بە هەمان واتای نزیکی ئەرکی جیاواز ئەنجامدەدا[1].

زۆر لە زمانەوانانیش تا ئێستاش ئەو مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستایەیان بە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك داناوە. وەك زمانەوانێك دەڵێ: {من وای بۆ دەچم (ە) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی دووەمە}[2].

**٣ـ دانانی توخمی ڕەگی کاری تێنەپەڕی بەرکاری بە بکەر:**

وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ڕەگی تێنەپەڕ ئەو ڕەگانەن کە تەنیا یەك توخم یان کەس وەردەگرن و ئەگەر توخمەکە خۆی بە ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجامبدا، توخمەکە دەبێتە بکەر و ئەگەر کارەکەی بەسەردا بێ، دەبێتە بەرکار. چونکە بکەر: ئەو توخمەیە کارێك ئەنجامدەدا و بەرکار ئەو توخمەیە کارێکی بەسەردادێ. بەم پێیە، تێنەپەڕەکان دو جۆرن: **تێنەپەڕی بکەری:** ئەو ڕەگی کارانەن کە پێویستییان تەنیا بە توخمێکە بۆ بەڕێوەچون، ئەو توخمە بە خواستی خۆی کارەکە ئەنجامدەدا و دەتوانێ بیکا، نەیکا، یان پێش و دوای بخا. بە زۆری ئەو توخمە لە ئەنجامدا زیانی پێ ناگا، چونکە بە خواستی خۆیەتی و ئەگەر زیانی پێ بگا، کارەکە ئەنجامنادا. وەك لە کارەکانی: (هات، چو، دەڕوا، دانیشت، هەڵدەستێ، دەسوڕێتەوە، دەمێنێتەوە،......). **تێنەپەڕی بەرکاری:** ئەو ڕەگی کارانەن کە پێویستییان تەنیا بە توخمێکە بۆ بەڕێوەچون، ئەو توخمە بە خواستی خۆی کارەکە ئەنجامنادەدا و ناتوانێ نەیکا، یان پێش و دوای بخا، بەڵکو بەبێ خواستی خۆی کارەکەی بەسەردادێ. بە زۆری لە ئەنجامی ڕودانی ئەو جۆرە ڕەگانە توخمەکە زیانی پێدەگا. وەك لە کارەکانی: (خنکا، مرد، سوتا، دەکەوێ، دەڕمێ، بو، پشکوت، باری، دەڕزێ، خلیسکا،.....).

کەواتە؛ {(هەرچەندە کاری تێنەپەڕ دو جۆرە: (تێنەپەڕی بکەری)، کە توخمەکەی دەبێتە بکەر و (تێنەپەڕی بەرکاری)، کە توخمەکەی دەبێتە بەرکار، بەڵام هەردو جۆرەکەیان تێکەڵکردوە و بە تێنەپەڕی بکەرییان داناوە)}[3]. بۆ نمونە: زمانەوانێك بە لاساییکردنەوەی زمانی عەرەبی دەڵێ: (لازم ـ فعلێکە دەبێ لازم فاعلەکەی بێ و لێی جوێ نەبێتەوە و محتاج بە مفعول بە نەبێ)[4].

سەیر لەوەدایە، هەموو ئەوانە دەڵێن: بکەر ئەو کەسەیە کە کارێك ئەنجامدەدا و بەرکار ئەو کەسەیە، کارێکی بەسەردادێ. کەچی لەو ڕستانەی وەك:

ــ نەخۆشەکە مرد.

ــ مەلەوانەکە خنکا.

ــ پوشەکە سوتا.

بێ ئەوەی (نەخۆشەکە، مەلەوانەکە و پوشەکە) هیچ کارێکیان ئەنجامدابێ، بەڵکو کارەکانیان بەسەردا هاتوە، کەچی ئەوانە بە بکەری ڕستەکانیان دادەنێن. هەندێ جاریش بۆ ڕزگار بون لەم هەڵەیە، زاراوەی (بکەری ڕێزمانی) یان زاراوەی (کارا)یان بۆ هەردو فرێزە ناویەکەی بکەری و بەرکاری بەکارهێناوە.

**٤ـ هەڵە لە دۆخی فەرماندان:**

ڕستەی فەرماندان چەند سیمایەکی هەیە:

١ــ فەرماندان ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکا، گۆڕانکارییەکی (کارەکی، یان زارەکی) بۆ ئەنجامبدا (بهێنێتە ئارا). لەبەر ئەوە سەرەتا بە (ب)ی مۆرفیمی ئارایی دەستپێدەکا بۆ فەرمانکردن بە هێنانەئارا، ئینجا ڕەگی کار بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانکاریەکە.

٢ــ قسەکەر داوا دەکا، ئەنجامدانی کارەکە لە کاتی ئێستادا بێ. بۆیە، (ø/ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دەکەوێتە دوای ڕەگ.

---

١()بۆ زانیاریی پتر سەیری ئەم باسە بکە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (٢٠٠٥). ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری سابات، بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەڵاحەددین. ژمارە (١). بەهاری (٢٠٠٥). ل٣٨-٤٠. یان لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە (١١٨). ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤/ ٧/ ١٩٧٧. ل١٦. یان چەند باسێکی وردی زانەوانی ــ کوردی. (٢٠١٥). هەولێر. ل٣ــ٨.

٢()ئەوڕەحمانی حاجی مارف. (١٩٨٧). ڕێزمانی کوردی. بەرگی یەکەم (وشەسازی). بەشی دوەم ـ جێناو ـ. بەغدا. ل١٤٦.

٣()عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. (١٩٩٥). مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. (نامەی دکتۆرا). بەشی کوردی. کۆلێژی پەروەردە. زانکۆی بەغدا. ل٦٠.

٤()سعید صدقی. (١٩٢٨). مختصر صرف و نحوی کوردی. جزء (١). چاپخانەی نجاح. بەغدا. ل٤٤.

٣ـ قسەکەر کە کەسی یەکەمە، ناتوانێ فەرمان بە کەسی سێیەم بکا، چونکە لای ئەو نیە، بۆیە فەرماندان تەنیا ئاڕاستەی کەسی دوەم دەکرێ، چ تاك بێ، چ کۆ. لەبەر ئەوەی کەسی دوەم (فەرمانپێکراو) بەرامبەر کەسی یەکەمە (فەرماندەر)، لە کەسی دوەمی تاکدا پێویست بە ڕاناوێکی فۆڕمدار ناکا، بۆیە ڕاناوەکە دەبێتە مۆرفیمی سفر (ø) و لەو کاتەدا (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دەردەکەوێ، بەڵام بۆ تێکەڵنەبونی کەسی دوەمی تاك و کەسی دوەمی کۆ، ئەگەر فەرمانەکە ئاڕاستەی کەسی دوەمی کۆ بو، ڕاناوی (ن)ی کەسی دوەمی کۆ دەردەکەوێ و لەو کاتەدا مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا دەسوێ و دەبێتە سفر (ø). هەروەها ئەگەر ڕەگی کارەکە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبو. دیسان مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا دەسوێ و دەبێتە سفر(ø).

٤ـ یاسای دارشتنی لە تێنەپەڕ بەم شێوەیە دەبێ:

{(بـ)ی مۆرفیمی ئارایی + ڕەگی کار + (ە/ø)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی بکەر (ø) بۆ کەسی دوەمی تاك و (ن) بۆ کەسی دوەمی کۆ}. وەك:

ـ هەڵبستەø. هەڵبستـøن. دابنیشەø. دابنیشـøن. ڕابوەستەø. ڕابوەستـøن.

ـ بڕۆøø. بڕۆøن. بنوøø. بنوøن. بسوڕێـøø. بسوڕێـøن. بگەڕێـøø. بگەڕێـøن.

تێبینی دەکرێ لە چاوگە تێنەپەڕە (ا)ییەکاندا جگە لە مۆرفیمی کاتی ئێستا، مۆرفیمی کاتی داهاتوش لە فەرماندان هەیە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کاری فەرماندان سەرباری کاتی ئێستا، دوای کاتی ئێستاش دەگرێتەوە. وەك لە (سوڕان، گەڕان،....).

بۆ کاری تێپەڕیش بەم شێوەیە دەبێ:

{(بـ)ی مۆرفیمی ئارایی + ڕاناوی بەرکار لە دەستەی خاوەنی + ڕەگی کار + (ە/ø)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا + ڕاناوی بکەر (ø) بۆ کەسی دوەمی تاك و (ن) بۆ کەسی دوەمی کۆ}.وەك:

ـ بینوسەø. بینوسـøن. بیانکوژەø. بیانکوژøن. بیانسوتێنەø. بیانسوتێنـøن.

ـ بیانخۆøø. بیانخۆøن. بیشۆøø. بیشۆøن. بیڵێøø. بیڵێـøن. بیهاژۆøø. بیهاژۆøن.

تێبینییەکی گرنگ لێرەدا هەیە، کە فەرماندان لە تێنەپەڕە بەرکاریەکان دروستناکرێ، چونکە کەسەکە بەرکارە و نابێتە بکەر تا کارەکە ئەنجامبدا. ئەگەر فەماندانی لێ دروستکرا، واتایەکی تری خوازە دەبەخشێ. وەك ئەوەی دایکێك بە منداڵەکەی بڵێ: (بتۆپە). واتە بخەوە.

هەڵەیەکی تر لەوەدایە زۆرجار ئەو (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستایان بە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك داناوە. هەروەها زۆرجاریش کاری فەرماندان و کاری (داخوازی/ داهاتو/ مەرج)یان تێکەڵکردوە، کە جیاوازیەکەیان لەوەدایە، فەرماندان تەنیا بۆ کەسی دوەمە و داخوازی بۆ هەمو کەسەکانە، هەروەها داخوازی تەنیا مۆرفیمی کاتی داهاتوی تێدایە، بۆ داهاتوە و بۆ ئێستا نیە. وەك:

ـ ڕابوەستـøم. ڕابوەستـøی. ڕابوەستـێø. ڕابوەستـøین. ڕابوەستـøن. ڕابوەستـøن.

ـ بینوسـøم. بینوسـøی. بینوسـێø. بینوسـøین. بینوسـøن. بینوسـøن.

**٥ـ دانانی دو جۆری ڕەگ: ڕەگی ڕابوردو و ڕەگی ڕانەبوردو (داهاتو):**

لە ڕێزمانی دێریندا دو جۆری ڕەگیان بۆ چاوگ دەستنیشانکردوە. ڕەگی ڕابوردو و ڕەگی ڕانەبوردو. (دوو ڕەگی کار بۆ فرمان دەست نیشان کراون ئەوانەن کە پێیان ئەوترێ {ڕەگی کاتی داهاتوو} و (ڕەگی کاتی رابوردوو)}[1]:

ـ **ڕەگی ڕابوردو:** بە کرتاندنی (ن)ی چاوگ و پیتەکەی پێش (ن)ی چاوگ، ئەوەی دەمێنێتەوە، بە ڕەگی ڕابوردویان داناوە.

ـ **ڕەگی ڕانەبوردو:** بە گۆڕینی چاوگەکە بۆ دەمکاتی ڕانەبوردو و کرتاندنی پێشگری (دە) و پاشگری ڕاناوی لکاو ئەوەی دەمێنێتەوە، بە ڕەگی ڕانەبوردویان داناوە. وەك لەم هێڵکاریەدا دیارە:

(١) د. وريا عمر أمين. (شوباتی ١٩٨٤). کات و ڕەگی فرمان. گۆڤاری ڕۆژی کوردستان. ژمارە (٦٥). ل٧٨.

دۆزینەوەی ڕەگی کار لە ڕێزمانی دێریندا

قەدی چاوگ

| چاوگ | ڕەگی ڕابوردو | نیشانەی قەد | نونی چاوگ | پێشگری دە | ڕەگی ڕانەبوردو | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوتان | کوت | ا | ن | دە | کوت | م |
| کێلان | کێل | ا | ن | دە | کێل | ی(ت) |
| گرتن | گر | ت | ن | دە | گر | ی/ا(ت) |
| ڕشتن | ڕش | ت | ن | دە | ڕێژ | ین |
| خواردن | خوار | د | ن | دە | خۆ | ن |
| نواندن | نوان | د | ن | دە | نوێن | ن |
| بردن | بر | د | ن | دە | بە | م |
| بڕین | بڕ | ی | ن | دە | بڕ | ی(ت) |
| جوین | جو | ی | ن | دە | جو | ی/ا(ت) |
| وەستان | وەست | ا | ن | دە | وەست | ین |
| سوڕان | سوڕ | ا | ن | دە | سوڕێ | ن |
| هاتن | ها | ت | ن | دە | هێ | ن |
| ڕۆیشتن | ڕۆیش | ت | ن | دە | ڕۆ | م |
| فڕین | فڕ | ی | ن | دە | فڕ | ی(ت) |
| خوشین | خوش | ی | ن | دە | خوش | ی/ا(ت) |
| چون | چ | و | ن | دە | چ | ین |
| سوتان | سوت | ا | ن | دە | سوتێ | ن |
| ڕوخان | ڕوخ | ا | ن | دە | ڕوخێ | ن |
| بارین | بار | ی | ن | دە | بار | م |
| خزین | خز | ی | ن | دە | خز | ی(ت) |
| کەوتن | کەو | ت | ن | دە | کەو | ی/ا(ت) |
| پشکوتن | پشکو | ت | ن | دە | پشکو | ین |
| مردن | مر | د | ن | دە | مر | ن |
| بون | ب | و | ن | دە | ب | ن |

زۆربەی نوسەران بە هۆی لاساییکردنەوەی یەکتر، هەمان هەڵەیان دوبارەکردۆتەوە و بیریان لەوە نەکردۆتەوە، کە بە پێی لۆجیك نابێ چاوگ دو ڕەگی هەبێ، هەروەها ئەوەشیان دەرنەخستوە هۆی ئەو دو فۆڕمیە چیە؟. (ڕێزمانی کوردی پەیوەندیی نێوان ڕەگی ڕابوردوو و داهاتووی دەست نیشان نەکردووە، واتا ئەو یاسایانەی نەخستوتە ڕوو کە بە هۆیانەوە ڕەگی داهاتووی فرمان وەردەگیرێ)[1].

لە ڕاستیدا، کار لە هەر زمانێکدا تەنیا یەك ڕەگی هەیە، ئەگەر ناوێزە نەبێ. ئەوەی زمانەوانانی توشی سەرلێشێوان کردوە، ئەو گۆڕانکاریەیە لە دەمکاتی ڕابوردو و ڕانەبوردو بەسەریاندا دێ. زمانەوانان بەبێ چونە بنج و بناوانی ئەو گۆڕانکاریانە و هۆکارەکانیان، یەکسەر بڕیاری بونی دو ڕەگی کاریان داوە.

لەبەر نەبونی دەستنوسی کۆنی کوردی و بەڵگەنامەی دێرینی نوسراو بە کوردی، ئەستەمە بگەینە بنچینەی ڕەسەنی زۆر لە ڕەگی چاوگەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، لەبەرئەوەی چاوگ پێکهاتوە لە {چاوگ = ڕەگی چاوگ + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ}. کەواتە؛ ڕەگی ئاسایی هەر چاوگێك بریتیە لە {ڕەگی چاوگ = چاوگ – (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ)}. واتە؛ دوای لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو، ئەوەی دەمێنێتەوە، ڕەگی ئاسایی کارە. ئەوەش ئەو ڕەگەیە، کە لە ڕێزمانی دێریندا پێیان وتوە (ڕەگی ڕابوردو).

ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر هەندێ ڕەگدا دێن، چەند جۆرێکن و هۆکاری جیاوازیان هەیە:

(١) وریا عمر امین. (ئاداری ١٩٨٦). چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجی دارشتنی فرمان. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە (١٠٩). بەغدا. ل٢٥٨.

**١ـ هۆکاری هەڵەتێگەیشتنی مۆڕفیمی کاتی داهاتو:**

زۆربەی زمانەوانان مۆڕفیمی کاتی ڕابوردویان لەگەڵ ڕەگ تێکەڵکردوە و بە ڕەگی ڕابوردویان داناوە و مۆڕفیمی کاتی داهاتویان لەگەڵ ڕەگ تێکەڵکردوە و بە ڕەگی ڕانەبوردو یان داهاتویان داناوە. بۆ نمونە بڕوانە (یاساکانی وەرگرتنی ڕەگی کاتی داهاتوو لە ڕابردوو)[1] لە ڕێزمانی دێرین، کە خشتەکان بەم شێوەیە دانراون:

| چاووگ | ڕەگی ڕابردوو | ڕەگی داهاتوو | چاووگ | ڕەگی ڕابردوو | ڕەگی داهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | نووس | دان | دا | دە |
| ماڵین | ماڵی | ماڵ | مان | ما | مین |
| پژمین | پژمی | پژم | (دا)نان | نا | نێ |
| هێنان | هێنا | هێن | ژیان | ژیا | ژی |
| کێڵان | کێڵا | کێڵ | هەڵ(سان) | سا | س |
| کێشان | کێشا | کێش | دروون | دروو | دروو |
| سووتان | سووتا | سووتێ | سوون | سوو | سوو |
| گریان | گریا | گرییێ | چوون | چوو | چ |
| ترسان | ترسا | ترسێ | بوون | بوو | ب |
| ناردن | نارد | نێر | خەوتن | خەوت | خەو |
| ژماردن | ژمارد | ژمێر | سرەوتن | سرەوت | سرەو |
| چاندن | چاند | چین | ناشتن | ناشت | نێژ |
| کردن | کرد | کە | ڕشتن | ڕشت | ڕێژ |
| بردن | برد | بە | گواستن | گواست | گوێز |

ئەگەر سەرنجێکی ئەو خشتەیەی سەرەوە بدەین، دەبینین، لەو فۆڕمانەی ناونراون ڕەگی ڕابوردو، ڕەگی کار و یەکێ لە ئەلۆمۆڕفەکانی کاتی ڕابوردو (ا، ی، ت، د، و) تێکەڵکراون و بە ڕەگی ڕابوردویان داناون. چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چاوگ پێکهاتوە لە ڕەگی کار و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و نونی چاوگ. {ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ}. ئینجا دوای کرتاندنی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو ئەوەی دەمێنێتەوە بە ڕەگی ڕانەبوردو یان داهاتویان داناوە. لەوەش سەیرتر، لە چاوگە تێنەپەڕە (ا)ییەکان و ئەو چاوگانەی تێپەڕێنراون و هەندێ چاوگی تر (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتویان لەگەڵ ڕەگی کار تێکەڵکردوە و بە ڕەگی ڕانەبوردویان داناوە.

**٢ـ هۆکاری دەنگسازی:**

هەندێ ڕەگی ئاسایی کە کۆتاییان بە دەنگێکی کپی وەك(س) یان (ش) هاتوە، لە دەمکاتی ڕانەبوردودا بە هۆی کارتێکردنی پێشگر و پاشگرە گڕەکان ئەو دەنگە کپانە دەگۆڕن بۆ دەنگی گڕ و (س) دەبێتە (ز) و (ش) دەبێتە (ژ). وەك:

(١) پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین. (٢٠٠٩). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. چاپی دوەم. هەولێر. ل١٣٣-١٣٦.

| | | | |
|---|---|---|---|
| گەستن | ← | گەز | دەگەزم |
| خواستن | ← | خواز | دەخوازی |
| پاراستن | ← | پارێز | دەپارێزم |
| کوشتن | ← | کوژ | دەکوژێ |
| کرۆشتن | ← | کرۆژ | دەکرۆژین |
| ڕشتن | ← | ڕێژ | دەڕێژن |
| مشتن | ← | مێژ | دەمێژم |
| بێشتن | ← | بێژ | دەبێژم |
| چەشتن | ← | چێژ | دەچێژم |
| ناشتن | ← | نێژ | دەنێژن |
| ناشتن | ← | نێژ | دەنێژین |
| هاوێشتن | ← | هاوێژ | دەهاوێژم |

**٣ـ هۆکاری ڕەسەنایەتی:**

هەندێك ڕەگ هەن گۆڕانکاریی مێژوییان بەسەردا هاتوە و لە دەمکاتی ڕانەبوردودا، ڕەگەکان بەرەو بنچینە ڕەسەنەکەی خۆیان دەچنەوە. هەرچەندە دەستنوسی دێرین و بەڵگەنامەی نوسراوی کۆنمان بەردەست نیە، بۆیە فۆرمە ڕەسەنە بنچینەییەکە کوتومت دیارنیە، بەڵام بە خەملاندن مەزەندە دەکرێ، کە هەندێ ڕەگ فۆنیمی زیادەیان بەدوادا هاتبێ. واتە؛ لە نێوان ڕەگی کار و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردودا، فۆنیمێك یان پتر ئاخنرابێ و لە دەمکاتی ڕانەبوردودا ئەو فۆنیمە زیادانە بسوێن. وەك:

هەندێکیان فۆنیمی (ر)یان خراوەتە سەر:

- **خواردن ← خوەردەن ← خوەر ← خوە ← خۆ**
- **شوشتن ← شوەردەن ← شوەر ← شوە ← شۆ**
- **کردن ← کەردەن ← کەر ← کە**
- **بردن ← بەردەن ← بەر ← بە**
- **ڕۆیشتن ← ڕەوتەن ← ڕەوت ← ڕەو ← ڕۆ**

هەندێکیان فۆنێمی (س)، یا (ش/یش)یان لە دوادا هاتوە، کە گریمانەی ئەوە هەیە، لە (is)ی ئینگلیزی و (است)ی زمانە ئێرانیەکان مابێتەوە، کە تا ئێستاش لە دیالێکتی خواروی کوردیدا وەکو مۆڕفیمی کاتی ئێستا هەر ماوە[1]:

- **خستن ← خەستەن ← خەس ← خە.**
- **نوستن ← نوست ← نوس ← نو.**
- **ویستن ← ویستەن ← ویس ← و(ێ) (ێ ـ مۆڕفیمی کاتی داهاتوە).**
- **گەیشتن ← گەیشتەن ← گەیش ← گە.**
- **شوشتن ← شوش ← شوە ← شۆ.**
- **ڕۆیشتن ← ڕۆیش ← ڕۆ .**

لە ڕاستیدا ساغکردنەوەی بنچینەی ڕەسەنی ئەو جۆرە ڕەگانە پێویستیی بە توێژینەوەیەکی وردی ئیتیمۆلۆژی هەیە، تاکو بنج و بناوانی ئەو ڕەگانە دەربێنێ و ئەو گۆڕانکاریانە دەربخا کە بە درێژایی مێژو بە هۆی گۆڕانی زمان بەسەریاندا هاتوە.

**٤ـ هۆکاری ناوێزە:**

هەندێك ڕەگ هەن ناوێزەن و لەوەدەچێ، لە دو بنجی جیاواز دروستبوبن. وەك:

---

(١) وەك لە وشەکانی (هەس = هەیە، فرەس = زۆرە، .....هتد).

▸ **وتن ← وت ← و ← لێ ← ڵ**

▸ **هێشتن/ هێڵان ← هێشت ← هێش ← هێڵ**

دەنگی (هـ) لە هەمو زمانەکاندا دەنگێکی نەخوازراوە (مکروه/hateful)، چونکە هەوای زۆری پێویستە بۆ گۆکردنی، وەك لە وشەکانی (school, night, neighbor…) دەنگی (هـ/h) گۆناکرێ. هەروەها لە کوردیدا لەسەرەتای وشە دەسوێ وەك لە وشەکانی **(هەسپ ← ئەسپ، هوشیە ترێ ← وشیە ترێ، هێوارە ← ئێوارە، هەنگوتك ← ئەنگوتك، هاسان ← ئاسان، هەفتە ← حەفتە، هوڕبون ← وڕبون، هێسك ← ئێسك....)**. بەم پێیە لە چاوگی (هاتن)یشدا (هـ)ی سەرەتا دەسوێ و (ا)یەکەش لە بنەڕەتدا مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە و لە ڕانەبوردودا مۆرکی خۆی وەردەگرێتەوە و دەبێتە (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو. بەم پێیە ڕەگەکە لە زاری کوردیی ناوەڕاستا دەرناکەوێ:

▸ **هاتن ← هات ← هێ ← ێ.**

**٦ـ دانانی (اندن) بە پاشگری تێپەڕاندن:**

(ڕەگی کار بریتیە لەو مۆڕفیمەی کە هێمایە بۆ ڕوداوێك)[1]. لە کاردا تەنیا یەك مۆڕفیم چەمکی ڕوداوەکە دەبەخشێ، ئەویش ڕەگی کارە. بەم پێیە هەر کارێك تەنیا یەك ڕەگی هەیە. بۆ هەر چەمکێکی تر جگە لە خودی ڕوداوەکە، مۆڕفیمی تایبەتی هەیە.

ڕوداوەکانیش یا سروشتین (واتە؛ خۆنەکردن)، یا دەسکردن (واتە؛ خۆکردن). ڕوداوی سروشتی ئەوەیە کە بکەری نیە و بەرکاری هەیە. (واتە؛ کەسەکەی یا توخمەکەی دەبێتە بەرکار نەك بکەر، چونکە ئەنجامدانی کارەکە لەژێر دەسەڵاتی توخمەکەدا نیە و توخمەکە بە ناچاری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کارەکە و کارەکەی بەسەردا دێ، نەك خۆی ئەنجامی بدا.). ئینجا لەبەر ئەوەی بکەرەکەی سروشتە، بیرت بۆ بکەر ناچێ، هەرچەندە دەشێ لێکدانەوەی زانستی یا ژیربێژیی بۆ بکرێ، بەڵام ئەمە ئەرکی زمانەوان نیە، چونکە بابەتەکە لە زمانەوانی دەرەچێ و لە ئەنجامدا ناو[2] لە ئارادا نامێنێ و هەر ناوێك دەبێتە هێمای ڕوداوێك بۆ بکەرێکی ژور خۆی. کەواتە؛ کار لە ڕوی خۆکردی و خۆنەکردی دەکرێ بەم بەشانە:

**١ـ کاری خۆنەکرد (سروشتی):** ئەو ڕوداوەیە کە بکەری نیە. لەهەر تافێکدا بێ، بیرت بۆ بکەر ناچێ، دەشێ، بیرت بۆ هۆ )وسیلة) یان ئامێر[3] بچێ. وەك: (کەوتن، پشکوتن، مردن، خزین، تەقین، ....هتد). زۆربەی چاوگە (ا)یيە تێنەپەڕەکان لە زمانی کوردیدا کاری سروشتین: (سوتان، شکان، پسان، خنکان، دڕان، بڕان، ڕژان، ترسان، کرتان، تاسان، ڕمان، تکان، قڵیشان، ترشان، ڕوخان، پچڕان، بزرکان، دامرکان، کوژانەوە، ڕوتانەوە، توانەوە، ....هتد).

**٢ـ کاری خۆکرد (دەسکرد):** ئەو کارەیە کە بکەری هەیە. خۆی بە خواست و ئارەزوی خۆی ڕوداوەکە ئەنجام دەدا. دەتوانێ بیکا، یا نەیکا. وەك: (هاتن، چون، هەڵستان، دانیشتن، چەقین، وەڕین، ڕۆیشتن، سوڕانەوە، پاڕانەوە، جوڵانەوە، جەنگان، فڕین، وەستان، تۆران، ....هتد).

ئەگەر لەم چاوگانەی سەرەوە (خۆکرد و خۆنەکرد) وردبینەوە و گەردانیان بکەین، دەبینین، هەریەکەیان هێمای ڕوداوێکن و دەبێ ئەم ڕوداوە بەسەر کەسێك یا شتێکدا ڕوبدا. واتە؛ هەردەم پێویستیی بە کەسێك یا شتێکە، بۆ ئەوەی کارەکەی بەسەردا ئەنجام بدرێ. ئەگەر پێویستیەکە کارەکەی بەسەردا هاتبێ و خۆی بەسەر خۆیدا نەهێنابێ، ئەو پێویستیە دەبێتە بەرکاری کارەکە. لەم جۆرە کارانەدا بکەرەکەی هێمای بۆ نەکراوە و لە ئارادا نیە، وشە یا مۆڕفیم هێمان بۆ بونێکی ناو بیری مرۆڤ. بەڵام ئەگەر پێویستیەکە کارەکەی بەسەر خۆیدا هێنابێ، ئەو پێویستیە دەبێتە بکەری کارەکە. بەم دو جۆرە کارە دەوترێ تێنەپەڕ، چونکە کاریگەریی ئەم کارە تەنیا یەك پێویستی دەگرێتەوە، بکەر بێ، یا بەرکار.

**٣ـ کاری تێکەڵ:** جۆرێکی تر لە کار هەیە، تێکەڵە لە هەردو جۆری خۆکرد و خۆنەکرد. واتە؛ دو پێویستیی هەیە. کارەکە بەرامبەر یەکێکیان خۆکردە و ئەم پێویستیە دەبێتە بکەری کارەکە، بەرامبەر ئەوی تریان خۆنەکردە و ئەم

---

(١) ئەم بڕگەیە لە نامەی دکتۆرای نوسەر (١٩٩٥)، (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار) وەرگیراوە، لە بەشی چوارەم، بەندی یەکەم، (تێپەڕاندن). ل١٣٠-١٣٧.

(٢) نعیم علویه. (١٩٨٤). بحوث لسانیه بین نحو اللسان ونحو الفکر. المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع. لبنان، بیروت. ص٢٦٨.

٣() Fillmore, Charles, J. (١٩٦٨). The case for case, in Emmor Bach and Robert T. Harms, (eds), Universals in Linguistic Theory, Holt, Rinehart and Winston, New York. P٢٤.

پێویستیە دەبێتە بەرکاری کارەکە. بەم جۆرە کارانە دەوترێ تێپەڕ. وەك: (نوسین، کوشتن، گرتن، ....هتد). کەواتە؛ بە شێوەیەکی گشتی کارەکان دابەشی دو پۆل دەکرێن:

**تێنەپەڕ:** ئەو کارەیە کە یەك پێویستیی سەرەکی دەوێ. ئەگەر ئەو پێویستیە خۆی بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکە ئەنجام بدا، بەو کارە دەوترێ، (تێنەپەڕی بکەری). وەك: (هاتم، چوم، هەڵسای، دانیشتی، چەقی، وەڕی، ڕۆیشتن، سوڕایەوە، دەپاڕانەوە، دەجوڵانەوە، دەجەنگان، دئەفڕین، دەوەستان، دەتۆران، ....هتد). لەمانە ڕاناوە لکاوەکان (م، ی، ø، ین، ن، ن) بکەری کارەکەن.

ئەگەر پێویستیەکە کارەکەی بە خواست و ئارەزوی خۆی ئەنجام نەدابێ و بەسەریدا هاتبێ، بەو کارە دەوترێ: (تێنەپەڕی بەرکاری). وەك: (سوتام، شکام، پسای، خنکای، دڕا، بڕا، ترساین، تاساین، بۆرژان، خوسان، قڵیشان، ترشان، ....هتد). ڕاناوە لکاوەکان بەرکاری کارەکەن.

**تێپەڕ:** ئەو کارەیە کە دو پێویستیی سەرەکیی دەوێ. یەکەمیان بە خواستی خۆی کارەکە دەکا، پێی دەوترێ بکەر، دوەمیان خواست و ئارەزوی نیە و یەکەمەکە کارەکەی بەسەردا دەهێنێ، پێی دەوترێ بەرکار. وەك: (دەینوسم، دەتگرین، دەیانکوژن، دەتانبەن...هتد). لەم نمونانەدا ڕاناوەکانی (ی، ت، یان، تان....) بەرکارن و ڕاناوەکانی (م، ی، ø، ین، ن، ن) بکەرن.

ئەگەر بە وردی بەراوردێکی چاوگە تێنەپەڕەکان بکەین، دەبینین، بە گشتی پێکهاتون لە {ڕەگی کار + نیشانەی چاوگ/(مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + نونی چاوگ}. لە ئەنجامی گەردانکردنیان بۆمان دەردەکەوێ کە (ن)ی چاوگ نونێکی کۆی بێلایەنە. واتە؛ (ناگەڕێتەوە بۆ هیچ کەس و شتێك) و لە جێی پێویستییەکی سەرەکی (بکەر یا بەرکار) هاتوە:

| پێویستیی سەرەکی | تێنەپەڕی بکەری | | | تێنەپەڕی بەرکاری | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاناوەکان | هاتن | چون | وەستان | سوتان | کەوتن | مردن |
| من | هاتم | چوم | وەستام | سوتام | کەوتم | مردم |
| تۆ | هاتی | چوی | وەستای | سوتای | کەوتی | مردی |
| ئەو | هاتØ | چوØ | وەستاØ | سوتاØ | کەوتØ | مردØ |
| ئێمە | هاتین | چوین | وەستاین | سوتاین | کەوتین | مردین |
| ئێوە | هاتن | چون | وەستان | سوتان | کەوتن | مردن |
| ئەوان | هاتن | چون | وەستان | سوتان | کەوتن | مردن |

ڕاناوەکان لە تێنەپەڕی بکەری دەبنە بکەر و لە تێنەپەڕی بەرکاری دەبنە بەرکار، چونکە لە یەکەمدا خۆکردن و لە دوەمدا خۆنەکردن. ڕاناوە لکاوەکان (ن)ی چاوگیان لاداوە و لە جێگای (ن) هاتون. کەواتە؛ (ن)ی چاوگ نونێکی کۆی گشتی دەستنیشان نەکراوە، هەمو ئەو پێویستیە سەرەکیانە دەگرێتەوە (بکەر یا بەرکار) کە کارەکە پێویستیی پێیان هەیە. واتە؛ لە کاری تێنەپەڕدا (ن)ی چاوگ یان جێگەی پێویستیی بکەر یان بەرکار دەگرێ.

کاری تێپەڕ دو پێویستیی سەرەکیی هەیە (بکەر و بەرکار). کەواتە؛ لە تێکەڵکردنی هەردوکیان کارێکی تێپەڕ دروستەبێ. واتە؛ ئەگەر (ن)ێکی تر بخەینە سەر چاوگی تێنەپەڕ، دەبێتە دو (ن)، یەکێکیان جێی بەرکار دەگرێ و دوەمیان جێی بکەر. وەك:

سوتام ← سوتانم      خنکام ← خنکانم

سوتای ← سوتانت      خنکای ← خنکانت

سوتاØ ← سوتانی      خنکاØ ← خنکانی

سوتاین ← سوتانمان      خنکاین ← خنکانمان

سوتان ← سوتانتان      خنکان ← خنکانتان

سوتان ← سوتانیان      خنکان ← خنکانیان

لێرەدا سێ خاڵی گرنگ تێبینی دەکرێن:-

١ـ لە ئەنجامی بە دوای یەکدا هاتنی دو دەنگی (ن)، لە ڕوی دەنگسازیەوە کارێکی زۆر ئاسان نیە، لەبەر ئەوە لە هەندێ ناوچەدا (کوردیی ناوەڕاست) دەنگی (د) دەبێتە ناوبڕ و کاری گۆکردن ئاسان دەکا. ئەم دەنگە لە ناوچەکانی تردا (کوردیی ژورو و شارەزور) کەم بەکاردەهێنن. لەو ناوچانەی بەکاردەهێنرێ، ئەرکی دەنگی (ا)ی کەمکردوە، کە لە بنەڕەتدا ئەو مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە و خۆی بوەتە نیشانەی چاوگی تێپەڕێنراو و ئەرکی مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوش ئەبینێ، کە لە ڕاستیدا دەنگی (ا) مۆڕفیمی کاتی ڕابوردوە و دەنگی (د) تەنیا ناوبڕە.

٢ـ لەبەرئەوەی زۆربەی چاوگە (ا)ییەکان تێنەپەڕی بەرکارین و زۆربەی چاوگە تێنەپەڕەکانی تر بکەرین، بۆیە هەر چاوگێکی تێنەپەڕ ئەگەر (ا)یی نەبێ، دەکرێتە (ا)یی، ئینجا نونێکی تری دەخرێتە سەر. واتە؛ ئەگەر مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو /(نیشانەی چاوگ)ەکە (ت، د، ی، و) بێ، دەگۆڕێ بە (ا) و چاوگەکە دەبێتە چاوگێکی تێنەپەڕی بەرکاری (خۆنەکرد)، ئینجا (ن)ێکی تێنەپەڕی بکەری (خۆکرد)ی دەخرێتە سەر و دەبێتە تێپەڕ. وەك:

**خەوتن ← خەوان ← خەوانن ← خەواندن**

**چون ← چوان ← چوانن ← چواندن**

**فڕین ← فڕان ← فڕانن ← فڕاندن**

ئەم یاسایە ئەو چاوگانەش دەگرێتەوە، خۆیان تێنەپەڕی بەرکارین و چاوگی (ا)یی نین:

**کەوتن ← کەوان ← کەوانن← کەواندن**

**مردن ← مران ← مرانن ← مراندن**

**خزین ← خزان ← خزانن ← خزاندن**

٣ـ هەر چاوگێك تەنیا یەك نونی چاوگی هەیە، لەم چاوگە تێپەڕێنراوانەدا دو (ن)ی چاوگ هەن. (ن)ی یەکەم لەکار دەکەوێ و لە ئەرکی (ن)ی چاوگ دەشۆڕێ و دەبێتە دەنگێکی ئاسایی چاوگەکە:

**سوتاندن ← سوتاندم ← سوتانم ← ئەسوتێنم**

**خەواندن ← خەواندم ← خەوانم ← ئەخەوێنم**

**مراندن ← مراندی ← مرانی ← ئەمرێنی**

کرداری تێپەڕاندن دەتوانێ، هەندێ لە ناوەکانیش بکاتە چاوگی تێپەڕێندراو:-

**تەقە ← تەقان ← تەقانن ← تەقاندن**

**قیژە ← قیژان ← قیژانن ← قیژاندن**

**گرمە ← گرمان ← گرمانن ← گرماندن**

**شیعر ← شیعران ← شیعرانن ← شیعراندن**

**٧ـ دانانی (را) و (رێ) بە ئامرازەکانی بکەرنادیاری ڕابوردو و ڕانەبوردو[١]:**

---

(١)ئەم بڕگەیە لە نامەی دکتۆرای نوسەر (١٩٩٥)، (مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار) وەرگیراوە، لە بەشی چوارەم، بەندی پێنجەم، (بکەرنادیار). ل١٦٦-١٧٢.

مۆرفیمی بکەرنادیار ئەو مۆرفیمەیە کە ئەرکی ئەنجامدانی کارێك دەداتە پاڵ توخمێك (کەس یا شت)ێکی دەستنیشاننەکراو. مۆرفیمی ڕەسەنی بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا پیتی (ر)ە. ئەم مۆرفیمە دەتوانێ دو ئەرك ئەنجام بدا:

**یەکەم- ئاوەڵناوی بکەر:-**

مۆرفیمی (ر) دەتوانێ، بە شێوەیەکی بەردەوامی، ئەرکی ئەنجامدانی کارێك بداتە پاڵ توخمێکی دەستنیشاننەکراو. ئەم کارە دەبێتە ڕوخسارێك بۆ دەستنیشانکردنی ئەو توخمە. یاسای دارشتنی ئاوەڵناوی بکەریش بەم شێوەیە:

**رەگی کار + مۆرفیمی بەستنی (ە) + مۆرفیمی بکەر نادیار (ر).**

**نوسین : نوس + ە + ر ← نوسەر**

**خوێندن : خوێن + ە + ر ← خوێنەر**

**توێژینەوە : توێژ - ەوە + ە + ر ← توێژەرەوە**

**بینین : بین + ە + ر ← بینەر**

شێوەی بەردەوامیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی نیشانەکانی کات لە ڕەگی کاردا. تەنانەت لەو چاوگانەش کە تێپەڕێنراون، مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) هەیە، بەڵام بەهۆی بەدواداهاتنی (ن)ی چاوگ لە ئەرك کەوتوە، وەك:

**سوتان ← سوتاندن ← سوتێنەر**

**کرتان ← کرتاندن ← کرتێنەر**

**وەستان ← وەستاندن ← وەستێنەر**

**تۆقین ← تۆقاندن ← تۆقێنەر**

ئەو ڕەگانەی کە لە بڕگەیەکی کورت، یا دو دەنگ پێکهاتون، کەم بە تەنیا بەکاردێن، دەبێ بەرکارێکیان وەك دیارخەر لەگەڵدا بەکاربێ:

**کردن ← کە ← نوێژکەر، ئاکەر، کارکەر**

**دان ← دە ← ئاندەر، ڕەنجدەر، هاندەر**

**بردن ← بە ← خوێنبەر، نامەبەر، هێرشبەر**

ئەو ڕەگانەی کۆتاییان بە دەنگی (ڕ) یا (ر) هاتوە، زۆرتر وەکو خۆیان بەکارەهێنرێن و مۆرفیمی (ر)ی بکەری وەرناگرن، وەك:

**بڕین ← بڕ ← ئانبڕ، سەربڕ، دۆبڕ**

**گرتن ← گر ← ڕێگر، جێگر، گوێگر**

**گۆڕان ← گۆڕ ← خۆگۆڕ، جێگۆڕ، ڕێگۆڕ**

هەندێ جار لەسەر ئەم کێشە (وزن)، واتە؛ (دیارخەر + ڕەگ)، ئاوەڵناوی بکەر لە هەندێ چاوگی تریش دروستەکرێ:

**کوشتن ← کوژ ← پیاوکوژ**

**ماڵین ← ماڵ ← بەفرماڵ**

**خواستن ← خواز ← خێرخواز**

لەو ڕەگانەشدا کە کۆتاییان بە بزوێن هاتوە، (ە)ی مۆرفیمی بەستن دەرناکەوێ، وەك:

**خواردن ← خۆ ← ئانخۆر**

**شوشتن ← شۆ ← جلشۆر**

**کردن ← کە ← دارکەر**

هەندێ جاریش لە بری بەرکارە دیارخەرەکە، پیتی (ب) ئەخرێتە پێش فۆرمەکە، بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەر:

**کردن ← کە ← کارەکەر، دارکەر، نانکەر، نوێژکەر، (بکەر).**

**دان ← دە ← ناندەر، پاڵدەر، ڕەنجدەر، هاندەر، (بدەر).**

ئەم پەیرەوە وەك یاسایەك بەکارهێنراوە، بۆ دروستکردنی چەندین ئاوەڵناوی بکەری تر، کە لە بنجدا یاسایەکی گشتی نیە، بەتایبەتی بۆ ئەوانە بەکارناهێنرێ، کە بە (ر) کۆتاییان نەهاتوە:

**کوشتن ← کوژ ← بکوژ.**

**نوسین ← نوس ← بنوس.**

**خواردن ← خۆ ← بخۆر.**

**گۆڕین ← گۆڕ ← بگۆڕ.**

ئەم فۆرمە لە شێوەی نەرێش بەکارهاتوە:

**نەکەر ← کارنەکەر، گوێ نەکەر**

**نەخۆر ← ماڵ نەخۆر (ماڵی نەکەر نەخۆری لۆ چەکمە سۆری)**

**نەگۆڕ ← ڕێژەی نەگۆڕ**

مۆرفیمی (ر)ی بکەری، ئەلۆمۆرفی تریشی هەیە، وەك (یار: فرۆشیار، کڕیار، ژمێریار...)

لە ئاوەڵناوی بکەردا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە لە کاری تێنەپەڕ دروستناکری. چونکە دەبێ کارەکە بکەر و بەرکاری هەبێ. بەزۆری بکەرەکە بە نادیاری دەبێتە بکەرێکی بەردەوام و هەمیشەیی بۆ بەرکارەکە.

**<u>دوەم- بکەر نادیار(مبنی للمجهول – Passive Voice):</u>**


مۆرفیمی (ر) جگە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەر، دەتوانێ، ڕستەی بکەرنادیاریش دروستبکا، بەوەی کە ئەرکی ئەنجامدانی کارێك دەداتە پاڵ توخمێکی دەستنیشان نەکراو بە شێوەیەکی کاتی، کاتەکەش بەپێی مۆرفیمەکانی کات دیارەکرێ. یاسای دروستبونی ڕستەی بکەرنادیاریش بەم شێوەیە:

(ڕەگی کار + (ر)ی مۆرفیمی بکەری + مۆرفیمەکانی کات {(ە-) + (- ێ) بۆ داهاتو، (-ا) بۆ ڕابوردو}.

| ژ | بکەر | بەرکار | کار | جۆری ڕستە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1- | هەستیار | هۆنراوەیەکی | نوسی | بکەردیار |
| (أ) | | | | |
| 2- | ر | هۆنراوەیەك | نوسرا | بکەرنادیار |
| 1- | هەستیار | هۆنراوەیەك | ئەنوسێ | بکەردیار |
| (ب) | | | | |
| 2- | ر | هۆنراوەیەك | ئەنوسرێ | بکەرنادیار |


تەنیا جیاوازیی لە نێوان ڕستەکانی (١) و (٢)دا، گۆڕانی بکەرە لە کەسێکی دیار و ئاشکرا بۆ توخمێکی نادیار و دەستنیشاننەکراو. واتە؛ لە هەردوکیان بکەر هەیە، بەڵام لەیەکەمدا دەستنیشان کراوە و لە دوەمدا دەستنیشان نەکراوە. شتێکی ئاساییە کاتێ -بکەر– نادیار بێ، پێویست بە ڕاناوی لکاو ناکا. بۆیە، ڕاناوی لکاوی (ی) لە ڕستەی (٢أ) نەما. بەرکاریش وەکو خۆی هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە.

کرداری بکەرنادیاریش وەکو ئاوەڵناوی بکەر لە کارە تێپەڕەکان دروست دەکرێ، چونکە دەبێ ڕستەکە هەردو پێویستیە سەرەکیەکەی هەبێ (بکەر و بەرکار). بۆ ئەوەی، کاتێك بکەر دەبێتە نادیار، پێویستییەك بە – دیار- ی بمێنێتەوە. هەروەك دەبینین، ئەگەر بکەر و بەرکار هەمان کەسیش بن، هەر لەیەك دەترازێن و لەیەك جیا دەکرێنەوە، وەك:





لەم ڕستانەدا دەرەکەوێ، کە بکەر هەرماوە، بەڵام لە کەسێکی دیارەوە گۆڕا بۆ توخمێکی (کەس، شت،...) نادیار. واتە، لە ڕستەکانی دووەمدا (من) بکەر نیە، بەڵکو توخمێکی نائاشکرایە. کەواتە، دەبێ، بکەر و بەرکار هەبن و لەیەك بترازێن. بۆیە ئەم کردارە لەگەڵ تێنەپەڕدا ناکرێ، چونکە تێنەپەڕ، یا بکەری هەیە، یا بەرکار.

لە کارە تێپەڕێنراوەکاندا، چاوگە تێنەپەڕەکە بەگشتی وەکو ڕەگی کار ڕەفتار دەکا. وەك:




ڕستەی یەکەم، کە لە تافی ڕابوردو دایە، بە زۆری بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێ:




ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

١- بەزۆری بۆ وەرگرتنی ڕەگی کار، کارەکە دەخەنە کاتی ڕانەبوردو و مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)ی لێ دەکەنەوە لەگەڵ ڕاناوی لکاو، ئەوەی دەمێنێتەوە بە ڕەگی کاری دادەنێن:

**(ئە/دە)سوتێن(م) ← سوتێن.**

٢- لە بکەرنادیاردا، چونکە مۆرفیمی کاتی تایبەتی خۆی هەیە {(ە-)+(-ێ)، (-ا)} و (ا،ێ) لە دوای مۆرفیمی بکەری (ر)دەرەکەون. بۆیە، مۆرفیمەکانی تری ناو چاوگەکە، ڕۆلیان نامێنێ، کامەیان بەکاربهێنرێ، مەبەستەکە لە ڕوی کاتەوە ناگۆڕێ.

٣- لەڕوی دەنگسازییەوە، هەردوکیان گۆدەکرێن: (سوتێنرا، سوتاندرا)، بەڵام ئەم دیاردەیە لە ڕانەبوردو، گۆکردنی ئاسان نیە، (دەسوتێندرێ)، (دەسوتانرێ*).

لە هەندێ کاری تێپەڕدا بەتایبەتی تێپەڕە (واویەکان) و (ئەوانەی) ڕەگەکانیان بەدەنگی (ڕ)، یا (ر) کۆتایی هاتوە، گۆکردنی مۆرفیمی (ر) لەڕوی دەنگسازیەوە کارێکی ئاسان نیە. گۆنەکردنیشی دەبێتە هۆی نەمانی بکەر لە ڕستەکەدا. بۆیە، لەو کاتەدا کە مۆرفیمی بکەری (ر) گۆناکرێ، کارەکە لە تێپەڕەوە دەگۆڕێ بۆ تێنەپەڕێکی بەرکاری (یا ئەلفی)، وەك:

| | | |
|---|---|---|
| **یەخەی دڕی** | ← **یەخەی دڕرا** | ← **یەخەی دڕا** |
| **ئاوەکەی بڕی** | ← **ئاوەکە بڕرا** | ← **ئاوەکە بڕا** |
| **گەنمەکەی فرۆشت** | ← **گەنمەکە فرۆشرا** | ← **گەنمەکە فرۆشا** |
| **چەقۆکەی سوو/ سوی** | ← **چەقۆکە سورا** | ← **چەقۆکە سوا** |
| **جلەکەی دروو/دروی** | ← **جلەکە درورا** | ← **جلەکە دروا** |
| **پێستەکەی گروو/ گروی** | ← **پێستەکە گرورا** | ← **پێستەکە گروا** |

**٨- دانانی (ت)ی ناوبڕی کۆتایی کارەکان بە بەشێك لە ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك و کەسی سێیەمی تاك:**

**پاری یەکەم: دەنگە بزوێنەکان و ناوبڕەکان:ـ**

بزوێنەکان ئەو دەنگە گڕانەن، لە کاتی گۆکردنیان دەم کراوەیە و هەوا لە سیەکان بەبێ بەربەست دێتەدەرەوە. هەرچەندە گۆکردنی دەنگی (هـ) لە هەمو دەنگێکی تر بێ بەربەستترە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگی (هـ) دەنگێکی کپە، بە بزوێن دانانرێ. کەواتە؛ دەنگی بزوێن دو سیمای هەیە:

١ـ لە کاتی گۆکردنیان دەم کراوەیە و هەوا لە سیەکان بێ بەربەست دێتە دەرەوە.

٢ـ هەمو دەنگە بزوێنەکان دەنگی گڕن و لە کاتی گۆکردنیان تاڵەژێیەکان دەلەرێنەوە.

ڕێژەی کرانەوەی دەم لە دەنگەکان بە گشتی و دەنگە بزوێنەکان بەتایبەتی جیاوازە. هێزی هەر بزوێنێك لەو ڕێژەی کرانەوەی دەمەدایە. واتە؛ لە هەر بزوێنێك تاکو ڕێژەی کرانەوەی دەم زیاتر بێ، هێزی لەو بزوێنە زۆرترە کە ڕێژەی کرانەوەی دەم، لە کاتی گۆکردنی کەمترە. وەك لەم خشتەیەدا دیارە:

| **ڕێژەی کرانەوەی دەم** | **دەنگەکان** | **جۆری دەنگ** |
|---|---|---|
| **کرانەوەی زۆر** | **ا** | **بزوێنەکان** |
| **کرانەوەی ناوەندی** | **ۆ ێ** | |
| **کرانەوەی ئاسایی** | **ە** | |
| **نیمچەکراوە** | **ی و** | **نیمچەبزوێن** |
| **نیمچەداخراو** | **س، ش، ف، ڤ، م، ..** | **نەبزوێن** |
| **داخراو** | **ب، پ، د، ک، گ، ..** | |

بە میکانیزمی بەدوای یەکداهاتنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان، کرداری ئاخاوتن دێتەدی. بەم پێیە، ئەگەر دو بزوێن لە گۆکردندا بەدوای یەکدا هاتن، لەبەرئەوەی لە هەردوکیان دەم کراوەیە، کرداری ئاخاوتن ڕونادا، ئینجا بۆ بەردەوامبونی کرداری ئاخاوتن، یەکێك لەم سێ چارەسەرە دەنگسازیانە ڕودەدا:

**چارەسەری یەکەم:** ئەگەر لە یەك بڕگەدا، پێش یان پاشی دەنگە بزوێنەکە دەنگی (و) یان (ی) بێ، ئەو دەنگە (و، یان ی) دەگۆڕێ، دەبێتە نەبزوێن، چونکە ڕێژەی کرانەوەی دەم لەو دو دەنگە کەمترە، واتە؛ هێزیان کەمترە، بۆیە، دەبن بە نەبزوێن. هەر لەبەر ئەمەشە بە هەردو دەنگی (و) و (ی) دەوترێ (نیمچە بزوێن). وەك:

- **(و) لە پێش بزوێنەکان: وازی، واتا، وەرە، خانوەکە، وێران، وێنە، گوێ.....**
- **(و) لە دوای بزوێنەکان: پیاو، چاو، کەو، شەو، لێو،سێو، ڕوپێو.....**

تێبینی: سەرنجی ئەوە دەدرێ، دەرچەی هەردو دەنگی (و) و (ۆ) تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن و نزیکن لەیەك، بۆیە، بەدوای یەکدا هاتنیان دەگمەنە و گۆکردنیان ئەستەمە. وەك: (وۆخەی، تۆو،.....).

- **(ی) لە پێش بزوێنەکان: یاری، یاسا، یەریڤان، یەك، یێك، یێژم،.....**
- **(ی) لە دوای بزوێنەکان: چای، دایکم، حەیران، سەیوان، دێی، لێیدە،.....**

**چارەسەری دوەم:** هەندێ جار، ئەگەر دو بزوێن لە یەك بڕگەدا بەدوای یەکدا هاتن، بزوێنە بەهێزەکە، بێهێزەکە دەخوا. واتە؛ بزوێنە بێهێزەکە دەسوێ. وەك:

- **برا + ەکە ← براکەم هات. {بزوێنە کورتەکە (ە) سوا}.**
- **دۆ + ەکە ← دۆکە ڕژا. {بزوێنە کورتەکە (ە) سوا}.**
- **دێ + ەکە ← دێکە سوتا. {بزوێنە کورتەکە (ە) سوا}.**

**چارەسەری سێیەم:** هەندێ جاری تر، ئەگەر دو بزوێن لە یەك بڕگەدا بەدوای یەکدا هاتن، دەنگێکی نەبزوێن دەکەوێتە نێوانیان و دەبێ بە (ناوبڕ). وەك:

- **برا + یـ + ەکە ← برایەکەم هات. {نەبزوێنی (یـ) بو بە ناوبڕ}.**
- **دۆ + یـ + ەکە ← دۆیەکە ڕژا. {نەبزوێنی (یـ) بو بە ناوبڕ}.**
- **دێ + یـ + ەکە ← دێیەکە سوتا. {نەبزوێنی (یـ) بو بە ناوبڕ}.**

کەواتە؛ ناوبڕ، ئەو پیتەیە کە دەکەوێتە نێوان دو پیتی بزوێن، یان دو پیتی نەبزوێنی هەمان شێوە، بۆ ئاسانکردنی گۆکردنیان.

زمانەوانان هەستیان بە هەندێکیان نەکردوە، وەك، پیتی (د) لە (اندن)دا، یان بە مۆڕفیمیان داناوە، وەك پیتی (ت)، لە (دەکاتە، دەخواتەوە، دەبێتە، دەچیتە، دەنوێتەوە، ناخۆیتەوە،.... هتد) و بە زۆری ئەم (ت)یان بەڕاناوی لکاو داناوە بۆ کەسی دوەم یا سێیەمی تاك لە لیستی دوەم و سێیەمدا (م، یت، ø -/ ات/ ێت، ین، ن، ن)[1]، یان هەندێ جار بە ئەلۆمۆڕفیان داناوە، وەك: (تەوە) بە ئەلۆمۆڕفی (ەوە) دانراوە، لە (هاتوومەتەوە)[2]، هەندێ جاریش بە مۆڕفیمی بۆش (Empty Morpheme)[3] دانراوە، وەك: (تی) لە (ئەو برایە – تی)دا.

هەندێکیشان تەنیا لە نێوان بزوێنەکاندا هەستیان پێکردوە: (تیپێکی زیادە و بۆیە هاتوە کە دو بزوێنەکە لەیەك نەدەن و آهەنگیان تێك نەچێت، بە تیپێکی وەها دەڵێن Enphonic کە دەشێ ئێمەش ناوی بنێین (تیپە آهەنگی))[4].

**پاری دوەم: دەنگە ناوبڕەکان:ــ**

مەرج نیە، تەنیا پیتێکی وەك (ت) دەستنیشانکراو بێ بۆ ناوبڕی، بەڵام ژمارەی ئەو پیتانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن، زۆر کەمن. ڕەنگە هەندێ جار لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تریش بگۆڕێن.

پیتی ناوبڕ، یان لە نێوان دو پیتی نەبزوێنی وەك یەك (دوبارە- مکرر) دادێ بۆ ئاسانی گۆکردنیان، وەك پیتی (د) لە (اندن)دا، یان لە نێوان دو پیتی بزوێندا دێ بۆ هەمان مەبەست. چونکە لە پیتە بزوێنەکاندا، دەم بە ڕێژەیەك دەکرێتەوە و هەوای ناو سیەکان بە بەردەوامی دێتە درەوە. بونی ئەم ناوبڕە یارمەتی دەم ئەدا بۆ داخستن و دەستبەسەرا گرتنی (تحکم) هەواکە، بۆ دروستکردنی پیتەکانی تر. نمونەی هەندێ لەو پیتە ناوبڕانە ئەمانەن:-

**ناوبڕی (ی):**

**١ـ پیتی (ی)[5] دەبێتە ناوبڕ لە نێوان دو پیتە بزوێندا،** لەم بارەدا خۆی دەبێتە نەبزوێن، چونکە پیتی (ی) پیتێکی نیمچە بزوێنە و لە گۆکردنیدا دەم کەم دەکرێتەوە. بۆیە دەتوانێ، وەك بزوێن و نەبزوێن ڕەفتار بکا، لەم بارەدا ڕێژەی کردنەوەی دەم و ڕادەی هەواکە دەگۆڕێ. وەك:

**بوبایە/ ببوایە.**

**چوبایە/ بچوایە.**

**هات بایە/ بهاتبایە.**

**مرد بایە/ بمردایە.**

لەم بارەدا دەکەوێتە نێوان (ا)ی مۆڕفیمی ڕابوردو لەگەڵ (ە)ی مۆڕفیمی کاتی ئێستا.

لە کاتی ئێستادا مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) دەرناکەوێ، لەبەر ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن)، تەنیا لە کەسی سێیەمدا نەبێ، چونکە ڕاناوی لکاو دەرناکەوێ، مۆڕفیمی کاتی ئێستا دەرەکەوێ:

**(ناو/ ئاوەڵناو) + ڕەگی بون (بـ) + مۆڕفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو = کاتی ئێستا**

کورد + بـ + ø + م = کوردم

کورد + بـ + ø + ی = کوردی

کورد + بـ + ە + ø = کوردە

هەمان شت ڕێکەکەوێ لەگەڵ (هە)، کە دەشێ لەم بارەدا بە مۆڕفیمێکی ئارایی دابنرێ:

١ـ هە + بـ + ø + م ← هەم (من لە ئارادام)

٢ـ هە + بـ + ø + ی ← هەی (تۆ لە ئارادای)

٣ـ هە + بـ + ە + ø ← هە ە ( ئەو لە ئارادایە) ← هەیە

لە ڕستەی سێیەمدا، دەنگی (ی) دەبێتە ناوبڕ لە نێوان هەردو دەنگی (ە)دا و ڕستەکە دەبێتە (هەیە).

بەڵام کاتێك لیستی (خاوەنی) ڕاناوە لکاوەکان بەکارەهێنن (م، ت، ی، مان، تان، یان) ڕستەکان بەم شێوەیە دەگۆڕێن:

---

١ - وریا عمر امین. ١٩٨٦. ڕێزمانی ڕاناوی لکاو. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی ژمارە (١٤٧) بەغدا. ل٨.

٢ - وریا عمر امین. ئاداری ١٩٨٤. یاسایەکی فۆنۆلۆجی. گۆڤاری ڕۆژی کوردستان. ژمارە (٦٦). بەغدا. ل٥٢.

٣ - وریا عمر امین. حوزەیرانی ١٩٨٦. مردنی ووشە. گۆڤاری کاروان. ژمارە (٤٥). ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان. هەولێر. ل١١.

٤ - تۆفیق وەهبی. ١٩٧٣. ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. ژمارە (١). بەغدا. ل٢٨.

٥ - لە بری ئەم پیتە لە لوڕیدا پیتی (س) بەکاردێ.

**هه + مـ + بڕ + ـه + ø ← هەمە ( شتێکم هەیە)**

**هه + تـ + بڕ + ـه + ø ← هەتە ( شتێکت هەیە)**

**هه + یـ + بڕ + ـه + ø ← هەیە ( شتێکی هەیە)**

ئەگەر بەراوردی ڕستەی سێیەم بکەین لە هەردو کۆمەڵەی دواییدا، دەبینین، دەرەنجامی هەردوکیان وەك یەکە (هەیە)، هەر یەکەیان بە واتایەکی جیاواز. هۆیەکەشی ئەوەیە: لە یەکەمدا، کەسەکە دەرناکەوێ و لە دوەمدا، شتەکە. ئینجا بۆ جیاکردنەوەی هەردوکیان لە یەکتر لە دوەمدا ڕاناوی خۆیەتی (ی) بازیداوە بۆ کۆتایی ڕستەکە و فۆڕمەکە بەم شێوەي لێ دێ: (هه + ـه + ی)، لە نێوان هەردو بزوێنی (ە)دا، دەنگی ناوبڕی (یـ) پەیدا بوە: (هه + یـ + ـه + ی) لە نێوان دەنگی بزوێنی (ە)ی دوەم، کە مۆرفیمی کاتی ئێستایە، لەگەڵ دەنگی بزوێنی (ی) کە ڕاناوی خاوەنیە بۆ کەسی سێیەمی تاك، دەنگی ناوبڕی (ت) پەیدا بوە: (هه+یـ+ـه+تـ+ی) و فۆڕمەکە بوەتە (هەیەتی).

**هه+ی/ ناوبڕ+ە/مۆڕفیمی کاتی ئێستا+ت/ ناوبڕ+ ی ڕاناوی لکاوی خاوەنی.**

ئەم (تی)یە هەندێ جار بەهەمان شێوە بەسەر ڕابوردوی تەواویشدا دەسەپێنرێ. وەك: **خواردویەتی، کردویەتی، بردویەتی...** لێرەدا، ئەگەر بەراوردی ئەم فۆڕمە بکەین لەگەڵ هەمان فۆڕم لە ناوچەی (موکری، سۆران، خۆشناو)دا، دەبینین، لەم ناوچانەدا لەجیاتی دەنگی (و) دەنگی (ی) بەکارەهێنن بۆ (ئاوەڵناوی کراو) و فۆڕمەکان بەم شێوەیە دەگۆڕێن: **خواردیتی، کردیتی، بردیتی...** لەم بارەدا دەنگی (ت) ناوبڕە لە نێوان دو پیتی (ی)، یەکەمیان مۆڕفیمی ئاوەڵناوی کراوە و دوەمیان مۆڕفیمی خاوەنی کەسی سێیەمی تاکە، هەروەها دەشێ ئەم (تی)ە لە ئەنجامی تێکەڵی شێوەزارەکان خزابێتە ناوچەکانی تر.

**لە کەسی سێیەمی تاکدا** دەنگی (ی) دەبێتە ناوگر لە نێوان (ا)ی مۆڕفیمی ڕابوردو و فۆڕمی (ەوە)ی دوپاتی یان (ە)ی مۆڕفیمی بەستن، وەك:

**گەڕ + ا + ø + ەوە ← گەڕایەوە ـ گەڕایەوە دواوە.**

**شك + ا + ø + ەوە ← شکایەوە.**

**هەست + ا + ø + ەوە ← هەستایەوە ـ هەستایە سەرپێ.**

دەشێ لەم بارەدا (ە)ی مۆڕفیمی بەستن دەرنەکەوێ و وەکو خۆی دەرببڕێ:

**گەڕاوە ـ گەڕا دواوە.**

**شکاوە.**

**هەستاوە ـ هەستا سەر پێ.**

## ناوبڕی (ت):

أـ دەنگی ناوبڕی (ت) زۆر جار دەکەوێتە نێوان دو دەنگی بزوێن و لە یەکیان دادەبڕێ و هەندێ جار لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان دوای نەمانی بزوێنی دوەم هەر دەمێنێتەوە و زمانەوانان بە مۆڕفیمی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکیان داناوە. بۆ نمونە کاتێك دەکەوێتە نێوان (ێ)ی مۆڕفیمی کاتی داهاتو لەگەڵ (ە)ی مۆڕفیمی بەستن، وەك:

**ـ دەچێتە هەولێر، دەبێتە ئەندازیار، دەشەکێتەوە، دەنوێتەوە....**

یان دەکەوێتە نێوان (ا)ی کۆتایی ڕەگی کار و (ە)ی مۆڕفیمی بەستن، وەك دەخواتەوە، دەکاتە هەڵلا، دەڕواتە لادێ، دەباتە شار.

ئەگەر بە مێژوی (ا)ی کۆتایی ئەم ڕەگانەشدا بچینە خوارەوە، دەرەکەوێ کە لە بنج و بنەڕەتدا (ە)ن، چونکە لە کۆتایی کارن و پێویستی دەربڕین درێژی کردونەتەوە:

**بەردەن / بردن ← بە**[1]

**کەردەن / کردن ← کە**

**خواردەن / خواردن ← خوە ← خۆ        و+ە ← ۆ**

**شوەردەن / شوشتن ← شوە ← شۆ        و+ە ← ۆ**

**ڕەوتەن / ڕۆیشتن ← ڕەو ← ڕۆ        و+ە ← ۆ**

**دادەن / دان ← دە**

تەنانەت لە دیالێکتی ژوروشدا هەر دەڵێن: (دبە، دکە، دخۆ، دشۆ، دڕۆ، ددە...)

---

١ ـ محەمەد امین هەورامانی. ١٩٨١. زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی ژمارە (٣). بەغدا. ل١٩٥.

هەندێ جار دەنگی ناوبڕی (ت) دەکەوێتە نێوان (ی) مۆرفیمی ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاك (م، ی، ø ، ین، ن، ن)، لەگەڵ (ە)ی ئامرازی بەستن، وەك، دەچیتە هەولێر، دەبیتە ئەندازیار، دەچیتەوە، دەگەڕێیتەوە. دەشێ لەم بارەدا، بەبێ (ت)یش گۆ بکرێن، چونکە دەنگی (ی)ی نیمچە بزوێن و دەتوانێ، خۆی ببێتە نەبزوێن: (دەچیە هەولێر، دەبیە ئەندازیار، دەچیەوە...).

لەم بارەشدا، هەندێ جار ئەم (ت)ە دوای نەمانی ڕۆڵەکەشی هەر بەکاری دەهێنن و بە بەشێك لە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاکیان داناوە.

جاری واش هەیە دەنگی ناوبڕی (ت) دەکەوێتە نێوان (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا لە ڕابوردی تەواودا، لەگەڵ (ە)ی مۆرفیمی بەستن لە فۆرمی دوپاتی (ەوە)دا:

**کردەوەتەوە، هاتوەمەتەوە، چەماوەتەوە...**

لە هەندێ ناوچەدا دەنگی (و) لەگەڵ (ە) لەیەکەدەن و دەبنە (ۆ)، (و+ە ← ۆ):

**کردوەتۆ، هاتومەتۆ، چەماوەتۆ...**

**<u>ناوبڕی (ڕ):</u>**

دەنگی (ڕ)یش هەندێ جار دەبێتە ناوبڕی نێوان دو دەنگی بزوێن، بەتایبەتی لە باری فەرماندا دەکەوێتە نێوان دەنگی بزوێنی کۆتایی ڕەگ و (ە)ی مۆرفیمی بەستن، لە هەندێ ناوچەدا، وەك:

**بچۆ دەرەوە← بچۆرە دەرەوە.**

**بکەوە ← بکەرەوە.**

**بخۆوە ← بخۆرەوە.**

**بیدە من ← بیدەرە من.**

**بگە فریام ← بگەرە فریام.**

**<u>یاری دوەم:</u>**

**<u>ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك:</u>** ئەم ڕاناوە تەنیا مۆرفیمی (ی)ە، بە ڕواڵەت تەنیا هاوشێوەی ڕاناوی خاوەنی کەسی سێیەمی تاکە لە دەستەی دوەمدا. هەندێ جار، دەنگی (ت[1])یشی لەگەڵدا بەکار دەهێنرێ، {(ت)ی ئەم ڕاناوە لەم جۆرەیە کە لە زانستی زمان پێی دەوترێ Optional، واتا، (اختیاری). لابردنی لە هەندێ حالەتدا کار لە ڕێزمانیەتی و ماناکەی ناکا}[2]. کەواتە، ئەم دەنگە بنجی نیە و نابێتە هۆی واتا گۆڕین، چونکە لە مۆرفیمدا (لادان یان گۆڕینی هەر بەشێکی دەبێتە هۆی تێکچونی و هیچ پەیوەندیەکی بە بنجی توخمەکەوە نامێنی)[3]، دەشێ ئەو دەنگە ناوبڕ بێ و لە دوای نەمانی ئەرکی ناوبڕیش هەر مابێتەوە و بەبەشێك لە ناوبڕەکەیان دانابێ، چونکە دەنگی (ی) نیمچە بزوێنە، کاتێك دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە دوا، دو ئەگەر دروستەبن:

یەکەم: ئەگەر (ی) بە نەبزوێن دابنرێ، پێویست بە ناوبڕ ناکا.

دوەم: ئەگەر بەبزوێن دابنرێ، پێویست بە دەنگێکی ناوبڕ دەکا و بە زۆری لە کوردیدا دەنگی (ت) بۆ ئەم مەبەستە بەکارەهێنرێ، وەك:

**چویە هەولێر / چویتە هەولێر.**

**چایەك ناخۆیەوە؟ / چایەك ناخۆیتەوە؟**

یان هەندێ جار، دەبێتە هاوشێوەی کەسی سێیەمی تاك و بۆ جیاکردنەوەی (ی) ناوبڕ لە (ی) ڕاناو، وا گونجاوترە کە دەنگی (ت)ی ناوبڕ هەبێ:

**گەڕاøەوە ← گەڕایەوە (بۆ کەسی سێیەمی تاك)**

**گەڕایەوە ← گەڕایتەوە (بۆ کەسی دوەمی تاك)**

**سوڕاøەوە ← سوڕایەوە (بۆکەسی سێیەمی تاك)**

**سوڕایەوە ← سوڕایتەوە (بۆ کەسی دوەمی تاك)**

---

١ مەسعود محەمەد. ١٩٧٦. چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا. ل٨٨-٩١.

٢ وریا عمر امین. ئایاری ١٩٨٣. ڕێزمانی ڕاناوی لکاو. گۆڤاری کاروان. ژمارە (٨). ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان. هەولێر. ل١٩٥.

٣ وریا عمر امین. أیار ١٩٩٠. التفسیر المیکانیکی للظاهرة الشمسیة و القمریة. مجلة شمس کردستان. العدد (٧٩). بغداد. ص٢٩.

له کەسی سێیەمی تاکدا، ڕاناوی لکاو (سفر)ە و دەنگی (ی) ناوبڕە، بەڵام له کەسی دوەمی تاکدا دەنگی (ی) ڕاناوی لکاوە و دەنگی (ت) ناوبڕە.

جگە لەمەش لە ئاخاوتندا، بە تایبەتی لە ناو چینی نەخوێندەوار، دەنگی (ت) کەم بەکارەهێنرێ. لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئێستا بە تایبەتی لە نوسیندا (ی، یت) بە ئەلۆمۆڕفی یەکتر دانراون.

**__ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک:__** ئەم ڕاناوە هێمای نیە و (سفر/ø)ە. ئەمەش بووەتە هێما و قاڵبی فیزیاوی ئەو مۆرفیمە. بۆ نمونە {هەندێ جار بکەر لادەبرێ و نیشانەشی نامێنێ. بەڵام لەم شوێنانەدا بێ نیشانەیی دەبێتە نیشانە بۆ بکەر، لەو کاتانەدا کە (سفر) دەبێتە نیشانە بۆ کەسی سێیەمی تاك: ئەو نووست ← نووست}[1]. ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە ژمارەی ڕاناوەکانی ئەم دەستەیە سنورردارە و شەش ڕاناون، پێنجیان هێمادارن و نیشانەیان هەیە، نەبونی نیشانە، دەبێتە هێمایەك، بۆ ناسینەوەی مۆرفیمی شەشەم. جگە لەوە (سفر)یش ژمارەیەکە لە ناو کۆمەڵەی خۆیدا.

جگە لە مۆرفیمی (سفر/ø)، زۆر ئەلۆمۆرف بۆ ئەم ڕاناوە دانراون، وەك (ێت، ێ، ات، ا، ت)[2]، بەڵام لە بنەڕەتدا هیچیان ئەلۆمۆرف نین و پەیوەندیی واتاییان بەم ڕاناوەوە نیە. بەر لە هەمو شتێك نکوڵی لەو ڕاستیە ناکرێ، کە دەنگی (ت) ناوبڕە و دەکەوێتە نێوان دو بزوێن و بەکارهێنانی پێویستییەکی دەنگسازیە:

**هاتەوە بێ بێتەوە، یارم بەخێربێتەوە.**

**دۆستی تازەی گرتوە، منی لە بیرچۆتەوە[3].**

لەم بارەدا ناوبڕی (ت)[4] کەوتۆتە نێوان (ێ،ە)، (ۆ،ە)، کە هیچیان نیمچەبزوێن نین تا بتوانرێ بە دو شێوە گۆبکرێ، وەکو لە کەسی دوەمی تاکدا. دیسان {ئەگەر (ات) وەیا (ت) کە لە کۆتایی فعلی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا دێت ڕاناو بێ دەبو ئەویش وەك ئەوانی تر دەرکەوتبایە}[5] و لە هەمو دەمکاتەکاندا هەمان نیشانەی هەبوایە.

دەنگی (ا)، کە هەندێ زمانەوانان بە ڕاناوی لکاویان داناوە. لە بنجدا دەنگی (ە)یە و کاتێك دەکەوێتە کۆتایی وشە، پێویستیی دەنگسازی (دەوروبەری فۆنۆلۆجی) درێژی دەکاتەوە، وەك لە چاوگەکانی (دان، خواردن/ خوەردن، بردن/ بەردەن، کردن/ کەردەن، خستن/ خەستەن، گەیشتن/ گەیشتەن، شوشتن/ شوەردەن) :

**دان ـــ دە ← دەدە ← دەدا ← دەداتەوە.**

**خواردن ـــ خوەردن ← خۆ/ خوە ← دەخوە ← دەخوا ← دەخواتەوە.**

**بردن/ بەردەن ← بە ← ئەبە ← دەبا ← دەباتەوە.**

**کردن/ کەردەن ← کە ← دەکە ← دەکا ← دەکاتەوە.**

**شوشتن/ شوەردن ← شۆ/ شوە ← دەشوە ← دەشوا ← دەشواتەوە.**

دەرنەکەوتنی ئەم ڕاناوە بوەتە یارمەتیدەرێکی دەنگسازی بۆ دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمانەی خوارەوە:-

**١ـ مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ) :-**

لە کاری ڕانەبوردودا، ئەم مۆرفیمە بە زۆری تەنیا لە چاوگە تێنەپەڕە (ا)[6]ییەکاندا بە بەردەوامی لەگەڵ هەمو ڕاناوەکانی ڕێککەوتن دەرەکەوێ، بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکدا لە هەمو چاوگەکان، هەردەم لە شوێنی ڕاناوی ڕێککەوتن دەرەکەوێ. بۆیە هەندێ زمانەوان بە ڕاناویان داناوە:-

- **سوتان: دەسوتێم، دەسوتێی، دەسوتێø ، دەسوتێین، دەسوتێن.**
- **نوستن: دەنوم، دەنوی، دەنوێø ، دەنوین، دەنون.**
- **بون: دەبم، دەبی، دەبێø ، دەبین، دەبن.**

---

١ یوسف شریف سعید. ١٩٩٠. دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی. نامەی ماجستێر. کۆلێجی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر. ل٧٤.

٢ نوری عەلی ئەمین. ١٩٨٦. ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسیەکان لە (ئاخاوتنی کوردی)دا. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی ژمارە (١٤١). بەغدا. ل٨.

٣ فۆلکلۆر.

٤ لە زاری خواروودا (شێوەزاری لوڕی) ئەو دەنگی (ت)ە دەبێتە دەنگی (د).

٥ مەسعود محەمەد. ١٩٧٦. چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا. ل٨٩.

٦ تێپەڕێنراوەکانیش دەکرێن بە (ا).

- **مردن: دەمرم، دەمری، دەمرێ∅ ، دەمرین، دەمرن.**
- **تەزین: دەتەزم، دەتەزی، دەتەزێ∅ ، دەتەزین، دەتەزن.**

**٢ـ مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە):-**

مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا دەکەوێتە پێش ڕاناوەکانی ڕێککەوتن. لەبەر ناسکی و بێهێزی ئەم دەنگە لە ڕوی دەنگسازییەوە، بە زۆری لەم دۆخەدا دەرناکەوێ، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرەکەوێ، چونکە ئەم ڕاناوە سفرە (∅):-

- **سوتاوم، سوتاوی، (سوتاوە∅)، سوتاوین، سوتاون...**
- **نوسەرم، نوسەری، (نوسەرە∅)، نوسەرین، نوسەرن...**

ئەگەر دەنگی پێش خۆی بزوێن بو، پێویستی بە ناوبڕی (ی) ئەبێ:-

- **من هەم، تۆ هەی، (ئەو هەیە∅)، ئێمە هەین، ئێوە /ئەوان هەن.**
- **هەروەکو خۆم، هەروەکو خۆی، (هەروەکو خۆیە∅)، هەروەکو خۆین، هەروەکو خۆن...**
- **ئامۆزام، ئامۆزای، (ئامۆزایە∅)، ئامۆزاین، ئامۆزان...**

دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمە لە هەمان شوێنی ڕاناوە لکاوەکان، وای لە هەندێ زمانەوانان کردوە بە ئەندامێکی ئەو دەستەیەی دابنێن[1].

ئەوەی هەندێ جار، گرفت دروستەکا، هاوشێوە بونی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە لە هەردو دەستەکەدا. ئەم دیاردەیەش لە ئەنجامی هاوشێوەبونی دەنگی (ی)ی ناوبڕە لە دەستەی ڕێککەوتن، لەگەڵ (ی)ی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی خاوەنی. بۆ نمونە لە دەستەی ڕێککەوتن دەوترێ:

- **من هەمە∅،    تۆ هەتە∅،    (ئەو هەیە∅)،...**
- **هەروەکو خۆمە∅،    هەروەکو خۆتە∅،    (هەروەکو خۆیە∅)،...**
- **ئامۆزامە∅،    ئامۆزاتە∅،    (ئامۆزایە∅)،...**

ئینجا بۆ چارەسەری ئەم دۆخە و تێکەڵنەبونی هەردو جۆرەکە، لەدەستەی دوەمدا (خاوەنی)، دو (ی) بەکارهێنراون، یەکەمیان ناوبڕە و دوەمیان ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك. لەم بارەدا دیسان پێویستیی بە ناوبڕێکی ترە، وەك دەنگی (ت)، بۆ لەیەکدابڕینی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا و (ی) ڕاناوی لکاو. دۆخەکە بەم شێوەیە دەرەچێ:-

- **ئەو هەیەتی.**
- **هەروەکو خۆیەتی.**
- **ئامۆزایەتی.**

ئەگەر لە پێش مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا دەنگێکی نیمچە بزوێن هەبو، وەك (و)، دەتوانرێ، بە هەردو شێوە بەکار بێ. چونکە دەشێ، ئەم جۆرە دەنگانە بە بزوێن، یا نەبزوێن دابنرێن:-

- **نانی خواردوە/ خواردویە/ خواردویەتی**
- **پارەی بردوە/ بردویە/ بردویەتی**
- **دزەکەی گرتوە/ گرتویە/ گرتویەتی**

لە ڕابوردوی تەواودا، (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو دوای مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دێ، ئینجا ڕاناوی لکاوی بکەر دێ، کە لە دەستەی خاوەنیە و دوای ئەوە (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دێ، دوای ئەویش ڕاناوی لکاوی بەرکار دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتنە و لەم جۆرەدا بە زۆری هەر کەسی سێیەمی تاك ئەم ڕۆڵە دەبینێ. مۆرفیمی کاتی ئێستاش وەك ڕەفتارە ئاساییەکەی خۆی، تەنیا کاتێ کەسی سێیەمی تاکی بە دوادا دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتن سفرە، دەرەکەوێ و لە ڕاناوەکانی تردا دەرناکەوێ. یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:

---

[1] کوردستان موکریانی. ١٩٨٦. سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا. دار الحریة للطباعة. ل١٠٦.

| ڕستە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | ڕاناوی بکەر | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی بەرکار |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هێناومە | هێـنـ | ا | و | مـ | ە | Ø |
| کوشتویانن | کوشـ | تـ | و | یانـ | Ø | ن |
| گرتویەتی | گـر | تـ | و | یـ(ناوبڕ) | ە | Ø تـ(ناوبڕ) ← ی |

لە (گرتویەتی)دا، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە لە بنەڕەتدا دەبێ، (گرتویە) بێ، بەڵام لەبەرئەوەی لە فۆڕمی (گرتویە)دا، ئەرکی (یـ) لە ڕاناوی بکەر دەگۆڕێ بۆ دەنگێکی ناوبڕی نێوان دو بزوێنی (و)ی ئاوەڵناوی کراو و (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، بۆیە وەرچەرخانێك ڕودەدا و (ی)ی ڕاناوی بکەر، دەچێتە کۆتایی کارەکە، لەم بارەدا، دیسان پێویستی بە ناوبڕێکی تر دەبێ لە نێوان خۆی و (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستای پێشی، چونکە گۆکردنی فۆڕمی (گرتویەی) ئاسان نیە، بە تایبەتی لە ڕەوتی ئاخاوتندا، ئەم جارە، لە بری دەنگی (ی)، دەنگی (تـ) دەبێتە ناوبڕی نێوان ئەم دو بزوێنە.

بۆ ڕونکردنەوەی فۆڕمی (ـ ەتی)، بەراوردی ئەم ڕستانە بکە:

| چاوگی (هەبون) لە گەڵ (ڕاناوی ڕێککەوتن): فرێزی ناوی | پێشگری ئەرێ | ڕەگی دورنەکەوتوە (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | چاوگی (هەبون) لە گەڵ (ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن): فرێزی ناوی | پێشگری ئەرێ | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی دورنەکەوتوە (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | وەرچەرخان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| من | هە | Ø | Ø | م | من | هە | مـ | Ø | ـە | Ø | |
| تۆ | هە | Ø | Ø | ی | تۆ | هە | تـ | Ø | ـە | Ø | |
| ئەو | هە | Ø | یـ(ناوبڕ)+ە | Ø | ئەو | هە | یـ | Ø | ـە | Ø | تـ (ناوبڕ)+ی |

لە کەسی سێیەمدا دەبینین، کاتێك ڕاناوی خاوەنی پتر دەبێ، هاوشێوەی بەرامبەرەکەی (بە بێ ڕاناوی خاوەنی) دەبێ، کە لەوێشدا فۆڕمەکە بریتیە لە (هەیە ← هە + Ø + یـ (ناوبڕ) + ە + Ø)، ئێنجا کە ڕاناوی خاوەنی پتر دەبێ، فۆڕمەکە هاوشێوەی یەکەم دەبێ و دەبێتە (هەیە ← هە + یـ + Ø + ـە + Ø)، بۆیە بۆ ڕزگاربون لە لێڵواتایی، وەرچەرخانێك ڕودەدا و وا دادەنرێ، کە هەردو فۆڕمەکە هاوشێوەن، بەم شێوەیە (ی)ی ڕاناوی لکاو لە فۆڕمی دوەم، یەکسان دەبێ بە (ی)ی ناوبڕ لە فۆڕمی یەکەم، بەم شێوەیە پێویستیمان بە (ی)ێکی ڕاناوی لکاوی خاوەنی دەبێ، تاکو لە فۆڕمەکەدا خاوەنێتی کەسی سێیەمی تاك بنوێنێ و ئەم (ی)یەی ڕاناوی لکاوەکە، دەچێتە کۆتایی فۆڕمەکە و دەبێتە (هەیەی)، بەڵام لە نێوان هەردو بزوێنەکەی کۆتایی، پێویستیمان بە ناوبڕێك دەبێ و لەم بارەدا دەنگی (تـ) ڕۆڵی ناوبڕەکە دەبینێ و فۆڕمەکە دەبێتە (هەیەتی). لە سەرجەم داڕشتنە هاوشێوەکانی ئەم فۆڕمەدا، ئەم دیاردەیە دوبارە دەبێتەوە. وەك:

| ڕاناوی ڕێککەوتن: فرێزی ناوی | پێشگری ئەرێ | ڕەگی دورنەکەوتوە (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن: فرێزی ناوی | پێشگری ئەرێ | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی دورنەکەوتوە (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | وەرچەرخان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| من | برا | Ø | Ø | م | ئەو | برا | مـ | Ø | ـە | Ø | |
| تۆ | برا | Ø | Ø | ی | ئەو | برا | تـ | Ø | ـە | Ø | |
| ئەو | برا | Ø | یـ(ناوبڕ)+ە | Ø | ئەو | برا | یـ | Ø | ـە | Ø | تـ (ناوبڕ)+ی |

هەروەها دەتوانی، بەراوردی بکەی لەگەڵ گۆڕینی کەسەکانی تر، کە وەرچەرخان نیە:

| ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | ڕاناوی خاوەنی +ڕاناوی ڕێککەوتن | | | | | | وەرچەرخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فرێزی ناوی | ئەرگی پێشگری | ڕەگی (بون) دەرنەکەوتوە | مـــۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | فرێزی ناوی | ئەرگی پێشگری | ڕاناوی لکاوی خاوەنی | ڕەگی (بون) دەرنەکەوتوە | مـــۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | |
| من | برا | Ø | Ø | م | من | برا | تـ | Ø | Ø | م | |
| تۆ | برا | Ø | Ø | ی | تۆ | برا | مانـ | Ø | Ø | ی | |
| ئەو | برا | Ø | یـ (ناوبڕ)+ه | Ø | ئەو | برا | یانـ | Ø | ـە | Ø | |

لەسەر هەمان ڕێباز دەوترێ:-

**ـ کابرا تینوە/ تینویە/ تینویەتی......**

**٩ـ دانانی (بون) و (هەبون) بە تێپەڕ:**

لە هەر زمانێکدا تاکە پێوەری سەرەکیی بۆ دیارکردن و جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ کرداری بکەرنادیارە (passive). واتە؛ ئەگەر توانرا، هەر کارێك بکرێتە بکەرنادیار، ئەو کارە تێپەڕە، ئەگەر نەتوانرێ بکرێتە بکەرنادیار، تێنەپەڕە.

کاری تێنەپەڕ پێویستیی بە یەك توخمە بۆ ئەنجامدان یان بەڕێوەچونی. پێویستە توخمەکەش دیار بێ و ناکرێتە نادیار، چونکە یەك تاکە توخمە، ئەویش بکرێتە نادیار، هیچ توخمێك نامێنێ کارەکە بەڕێوەببا. وەك:

**ـــ من هاتم. تۆ ڕۆیشتی. ئازاد دانیشتø. ئێمە نوستین. ئێوە هەستان. ئەوان گەڕانەوە.**

لە هەر یەکێك لەم ڕستانەی سەرەوەدا کە کارەکانیان تێنەپەڕە، تاکە توخمێکی دیار هەیە، (من، تۆ، ئازاد، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بە ویستی خۆی کارەکە ئەنجام دەدا، بۆیە توخمەکە دەبێتە بکەری ڕستەکە و کارەکەش دەبێتە تێنەپەڕی بکەری. ئینجا ئەگەر توخمەکە ببێتە نادیار، هیچ توخمێك نامێنێ کارەکە ئەنجامبدا و ڕستەکە داناڕێژرێ، واتە؛ ڕستەکە دروستنابێ.

لە هەر یەکێك لەم ڕستانەی خوارەوەشدا تاکە توخمێکی دیار هەیە، (من، تۆ، ئازاد، ئێمە، ئێوە، ئەوان):

**ـــ من کەوتم. تۆ خلیسکای. ئازاد مردø. ئێمە سوتاین. ئێوە دۆڕان. ئەوان خنکان.**

بەڵام لەو کارە تێنەپەڕانەی سەرەوەدا، هەر یەکێك لەو توخمە دیارانە بە ویستی خۆی کارەکە ئەنجام نادا، بۆیە توخمەکە دەبێتە بەرکاری ڕستەکە و کارەکەش دەبێتە تێنەپەڕی بەرکاری. دیسان ئەگەر توخمەکە ببێتە نادیار، هیچ توخمێك نامێنێ کارەکە ئەنجامبدا و ڕستەکە دروستنابێ.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، ناکرێ بە پێی بنەما ژیربێژیەکان (Logical maxims) بنەما ڕێزمانیەکان لێکبدرێنەوە. چونکە هەر زانستێك کەرەسە و بنەمای تایبەتیی خۆی هەیە. بە پێی پێناسەی گشتیی زانستەکان (زانست ئەو بابەتەیە، لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە). لەم سۆنگەیەوە، لە ڕستەکانی:

**ـــ پەنجەرە شکاø. پاڵەوانەکە مردø. ئۆتومبێلەکە وەرگەڕاø.**

بە پێی بنەما و لێکدانەوەی ژیربێژی (لۆجیکی) لە هەر یەکێك لە ڕستەکانی سەرەوەدا هۆکارێك یان پتر هەن بۆ ڕودانی ئەو کارانە (شکانی پەنجەرە، مردنی پاڵەوانەکە و وەرگەڕانی ئۆتومبێلەکە)، ئەو هۆکاری ڕودانانە بکەری ڕستەکانن، بەڵام لە ڕستەسازیدا هیچ کەرەسەیەك لەو ڕستانەدا لە ئارادا نیە، ئاماژە بەو هۆکارانە، یان بکەرانە بکا. بۆیە لە ڕستەسازیدا هیچ نرخێك بۆ ئەو هۆکارانە دانانرێ و بە نەبو هەژمار دەکرێن. لەم سۆنگەیەوە توخمەکانی (پەنجەرە، پاڵەوانەکە و ئۆتومبێلەکە)، چونکە کاری ڕستەکەیان بەسەردا هاتوە، بە بەرکار دادەنرێن و کارەکانیش بە تێنەپەڕی بەرکاری دادەنرێن.

هەرچی کاری تێپەڕە، پێویستی بە دو توخمە بۆ ئەندامدان و بەڕێوەچونی ڕستەکە. وەك:

**ـــ ئازاد پەنجەرەی شکاند. دوژمن پاڵەوانەکەی کوشت. گەنجەکە ئۆتومبێلەکەی وەرگێڕا.**

لە هەر یەکێك لەم ڕستانەی سەرەوەدا دو توخم هەن، توخمی یەکەم بە خواست و ئارەزوی خۆی کارەکەی بەسەر توخمی دوەمدا دەهێنێ. لەم دو توخمەدا، بەرکارەکە کارەکەی بەسەردا هاتوە، گەواهی و بەڵگەی سەرەکیی ڕودانی کارەکەیە و کارەکەش ئاماژە بەوە دەدا، کە توخمێکی تر وەکو بکەر، ئەو ڕوداوەی بەسەر توخمی بەرکاردا هێناوە،

چونکە کارەکە تێپەڕە و بکەر و بەرکار وەردەگرێ. ئینجا بکەرەکە بە ئاشکرا دەرکەوێ یان دەرنەکەوێ، واتە؛ دیار بێ، یان نادیار گرنگ نیە.

لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا، مۆرفۆفۆنیمی (ر) ئاماژە بەو بکەرە نادیارە دەدا. وەك:

**ــ پەنجەرە شکێنرا. پاڵەوانەکە کوژرا. ئوتومبێلەکە وەرگێردرا.**

لێرەدا بۆمان دەرەکەوێ {(هە)بون)} چاوگێك یان دو چاوگی تێنەپەڕی بەرکارین، چونکە بە هیچ شێوەیەك ناکرێنە بکەرنادیار. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر ڕستەی فەرماندان، لە تێنەپەڕی بەرکاری دروستناکرێ. ئەگەر دروستکرا، واتای چاوگەکە دەگۆڕێ. وەك: کاتێك دایکێك بە منداڵەکەی دەڵێ: (بتۆپە)، واتای مردن و تۆپین نادا، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، (بخەوە). هەندێ جار، بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی، دەتوانرێ، جۆرێك لە فەرماندان لە (بون) دروستبکرێ، بەڵام ئەو کاتە (بون) واتای (گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، یان – بون بە...) دەدا، نەك ئارایی. وەك: ببە بە پیاو، یان ببە پیاو، پیاو بە، کە ڕەنگە فەرمانی پێ کراوەکە لە ئارادا (لە بوندا) پیاو بێ، بەڵام ڕەفتاری پیاوانە نەبێ، یان کە دەوترێ: (لە خوا بترسە!)، لێرەدا (ترسان)ەکە بێ خواست، یان نائارەزومەندانە (لا إرادی) نیە. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ، کە فەرماندان لە تێنەپەڕی بکەری واتای تر نادا، وەك: (هەستە لە خەو ئەی لاوی کورد ...)، لێرەدا واتای بنجی ڕستەکە ( بێدار بونەوەیە لە نوستن) و واتا خوازراوەکەشی (وشیار بونەوەیە لە بێ ئاگایی)، بەڵام لە فەرماندانی تێنەپەڕی بەرکاری، واتا بنجیەکە دەرناکەوێ و تەنیا واتا خوازراوەکەی دوەم دەرەکەوێ.

جگە لەمەش بە زۆری لە تێنەپەڕە بکەریەکان، توخمەکە سودمەند دەبێ، یان زیانی پێ ناگا. بەڵام بە زۆری لە تێنەپەڕە بەرکاریەکان، توخمەکە زیانی پێ دەگا. لەم دیاردەی زیان پێگەیشتنەدا، چاوگی {هە(بون)} ناوێزەیە. ئەگەرچی چاوگی {هە(بون)}، هەردەم تێنەپەڕێکی بەرکاریە، چونکە توخمەکە ناتوانێ، ڕۆلێکی بکەریی ئارەزومەندی ڕەها بگێڕێ لە بون یا هەبونی شتێك. ئەگەر بە ئارەزوی توخمەکە بێ، بەم شتە ڕازی نابێ و داوای باڵاتر دەکا، بۆیە زۆربەی بە ناچاری سوپاسگوزاری بون و هەبونەکانیەتی. بۆ نمونە: کە قوتابیەك دەڵێ: (دەبم بە مامۆستا.)، ئەمە بارودۆخەکە ناچاری کردوە، کە مامۆستایەتی هەڵبژێرێ، ئەگەر لە دەستی بێ، دەبێتە وەزیر، یا پاشا. دەڵێن ( فیرعەون ) پاشای جیهان بو، داوای خوایەتی دەکرد.

ناوێزەیی {هە(بون)} لەوەدایە: توخمەکە لە بون و هەبونی شتە باشەکان، وەك: سامان و خۆشی و ... هتد زەرەرمەند نابێ، بەڵام لە بون و هەبونی شتە خراپەکان، وەك: هەژاری و خەم و ناخۆشی و ... هتد زیانمەند دەبێ . بۆ نمونە: کە دەڵێین: (منداڵەکە بو.)، نازانین، ژیانی ئەو منداڵە چۆن دەبێ ؟! لەم بارەیەوە خەیام دەڵێ:

هاتن بە دەستی خۆم نەبو هێنایانم، دەرچونە دەریش چۆن و کەیە؟ نازانم.


خۆزگە! نە هاتبام، نە چوبام، نە ببام، لەم گێرە و کێشەدا ڕەحەتبا گیانم.

لە ڕستەکانی وەك (من کوڕێکم بو.)، یان (من کوڕێکم هەبو.)، لە ڕوی ڕستەسازیەوە جیاوازیی نیە لەگەڵ ڕستەکانی وەك (من کوڕێکم مرد.)، یان ( من خانوێکم هەبو.)، لە هەمو ڕستەکاندا (من) ڕۆلی خاوەنی دەبینێ بۆ بەرکارەکە و ڕۆلی بکەری نابینێ.

**١٠ـ دانانی ڕەگی کار بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ:**

هەردەم ڕەگی مۆرفیمێکی بەندی تەوەرەییە و واتای گۆڕانکاریێك دەدا. تاکە مۆرفیمی تەوەرەییشە کە سەربەخۆ نەبێ و بەند بێ. هەندێ زمانەوان لەو باوەڕەدان: ڕەگی کارەکان مۆرفیمی سەربەخۆ، یان (سەربەست)ن { ڕەگەکان لە جۆری مۆرفیمی (سەربەست)ن، مۆرفیم و جۆرەکانی لەم وێنەیە ڕوون کراوەتەوە}[1].

**١ – وریا عمر امین، تشرینی دوەم، ١٩٨٢، ل٨٩.**




لە ڕاستیدا ڕەگی کار مۆرفیمێکی بەندە و سەربەخۆ، یان سەربەست نیە. مەبەستی ئەو زمانەوانانە لە مۆرفیمی سەربەخۆ ئەوە بوە، کە مۆرفیمەکە لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، واتە؛ فۆڕم و واتاوە سەربەخۆ بێ. بەو پێوەرەش مۆرفیمی سەربەخۆ چەند مەرجێکی هەیە:

١ــ دەبێ بە تەنیا و سەربەخۆ لە زماندا بەکاربێ.

٢ــ وەکو بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو، ئاوەڵکار.....) بە بێ گیرەك (پێشگر و پاشگر) لە ڕستەدا بەکاربهێنرێ.

٣ــ وەکو واژەیەك (لێکسیم/Lixime) لە ڕیزبەندی فەرهەنگدا پێگەی هەبێ و وەکو خۆی دانرابێ.

ڕەگی کارەکان ئەو مۆرفیمە تەوەرەییانەن، کە هەر یەکەیان واتای گۆڕانکارییێك دەبەخشێ و هەرگیز بە تەنیا بە هەمان واتای گۆڕانکاری (واتە؛ وەك ڕەگی کار) بەکار نایێن. ئەگەر ڕەگی کار بە تەنیا بەکارهات، واتای کردارەکە، یان گۆڕانکاریەکە نادا، بەڵکو ناوی ئەو گۆڕانکاریە، یان بکەری ئەو گۆڕانکاریە دەدا. وەك:

ــ منداڵەکە **خەو**ت. منداڵەکە دە**خەو**ێ.(ڕەگی کار) / ــ منداڵەکە **خەو**ێکی بینی. (ناو)

ــ پارەی بانکیان **دز**ی. پارەی بانك دە**دز**ن. (ڕەگی کار) / ــ **دز**ەکانیان گرت. (ناو)

**١١ـ هەڵە نوسینی ڕەگی کارەکان لەگەڵ ڕاناوەکان:**

بەدوای یەکدا هاتنی ڕەگی کار و مۆرفیمەکانی کات و مۆرفیمەکانی ڕاناوی لکاو، هەر یەکەیان بە فۆنێمی جیاواز لە گۆکردندا و بە پیتی جیاواز لە نوسیندا، هەندێ جار دەبێتە هۆی نوسینی ئەو پیتانە، بە تایبەتی لە بەدوای یەکدا هاتنی دو پیتی هەمان شێوە، واتە؛ دوبارەبونەوەی هەمان پیت، ئەمەش بە زۆری لەگەڵ چاوگە (ی)بیە تێنەپەڕەکاندا، لە پیتی (ی)دا ڕودەدا. بۆ نمونە:

ئایا جیاوازی چیە لە نێوان ئەم دو لیستەدا:

| | |
|---|---|
| دەفڕین | دەفڕیین |
| پێدەکەنین | پێدەکەنیین |
| دەلەرزین | دەلەرزیین |

دەتوانرێ، جیاوازیی کارەکانی ئەو دو ستونە بەم چەند هاوکێشەیە دەربخەین:

١ــ کاری ڕانەبوردو بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ین)، یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:-

مۆرفیمی کاتی ئێستا د(ە)/ئـ(ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/Ø) + ڕاناوی لکاو (ین).

دەفڕین = دە + فڕ + Ø + ین (ئێمە ئەمڕۆ یان بەیانی دەفڕین).

پێدەکەنین = پێـ(پێشگر) + دە + کەنـ + Ø + ین. (لە داهاتودا زۆر پێدەکەنین).

دەلەرزین = دە + لەرز + Ø + ین (هەر کە گیانکێش هات، گشتمان دەلەرزین).

٢ــ کاری ڕابوردوی بەردەوام بۆ کەسی دوەمی کۆ (ن)، یاسای دارشتنی بەم شێوەیە:-

مۆرفیمی کاتی ئێستا د(ە)/ئـ(ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی کۆ (ن).

دەفڕین = دە + فڕ + یـ + ن (ئێوە جاران بە خەیاڵ دەفڕین).

پێدەکەنین = پێـ(پێشگر) + دە + کەنـ + یـ + ن. (کاتێ منداڵ بون، زۆر پێدەکەنین).

دەلەرزین = دە + لەر + یـ + ن (ساڵان هێندە بەفر دەکەوت، وەك بی دەلەرزین).

٣ـ کاری ڕابوردوی بەردەوام بۆ کەسی سێیەمی کۆ (ن)، یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:-
مۆرفیمی کاتی ئێستا د(ە)/ئـ(ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ (ن).
دەفڕین = دە + فڕ + یـ + ن (ئەوان زو زو بە فڕۆکە دەفڕین).
پێدەکەنین = پێـ(پێشگر) + دە + کەنـ + یـ + ن. (ئەوان لە نوێژدا، زۆر پێدەکەنین).
دەلەرزین = دە + لەر + یـ + ن (ئەوان لە ترسان، وەك بی دەلەرزین).
٣ـ کاری ڕابوردوی بەردەوام بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ین)، یاسای داڕشتنی بەم شێوەیە:-
مۆرفیمی کاتی ئێستا د(ە)/ئـ(ە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (یـ) + ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ (ین).
دەفڕین = دە + فڕ + یـ + ین (ئێمە زو زو بە فڕۆکە دەفڕیین).
پێدەکەنین = پێـ(پێشگر) + دە + کەنـ + یـ + ین. (ئێمە لە نوێژدا، زۆر پێدەکەنیین).
دەلەرزین = دە + لەر + یـ + ین (ئێمە لە ترسان، وەك بی دەلەرزیین).
بە هەمان شێوە لە کەسی دوەمی تاکدا، لە دەمکاتی ڕابوردوی تەواو، لەگەڵ چاوگە تێنەپەڕە (ی)یەکاندا:

| م.ك.ئێستا | ڕەگی کار | م.ك.ڕابوردو | ڕاناوی لکاو | ڕابوردوی بەردەوام |
|---|---|---|---|---|
| (د)ە | فڕ | یـ | م | پێشان دەفڕیم |
| (د)ە | لەرز | یـ | ی | جاران دەلەرز**یی** |
| (د)ە | کەنـ | یـ | Ø | ئەوسا پێدەکەنیØ |
| (د)ە | خز | یـ | ین | بە منداڵی دەخز**یین** |
| (د)ە | ڕز | یـ | ن | لە زیندان دەڕزین |
| (د)ە | بەز | یـ | ن | لە جەنگ دەبەزین |

ئەگەر سەرنجی ئەو لیستەی سەرەوە بدەین، دەبینین، لە دەمکاتی ڕابوردوی بەردەوامدا، لە چاوگە (ی)ییەکاندا، پێویستە، لە کەسی دوەمی تاك (ی) و لە کەسی یەکەمی کۆ (ین)، کارەکە بە دو (یی) بنوسرێن، (یـ)ی یەکەم مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و (ی)ی دوەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕاناوی لکاو.
هەروەها لە چاوگە تێپەڕە (ی)یەکاندا، لە دەمکاتی ڕابوردوی سادەدا، لە کەسی سێیەمی تاك و سێیەمی کۆ، پێویستە، بە هەمان شێوە لە کۆتاییان دو (ی) هەبن، یەکەمیان مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و دوەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕاناو (م، ت، ی، مان، تان، یان). وەك لەم خشتەیەدا دەرەکەوێ:

| ڕەگی کار | م.ك. ڕابوردو | ڕاناوی بەرکار | ڕاناوی بکەر | ڕابوردوی سادە |
|---|---|---|---|---|
| نوس | یـ | Ø | م | نوسیم |
| کڕ | یـ | Ø | ت | کڕیت |
| بڕ | یـ | Ø | ی | بڕ**یی** |
| سڕ...ەوە | یـ | Ø | مان | سڕیمانەوە |
| ژەن | یـ | Ø | تان | ژەنیتان |
| دز | یـ | Ø | یان | دز**ییان** |

**١٢ـ هەڵە نوسینی ڕابوردوی تەواو لە چاوگە (و)ییەکاندا:**

بە شێوەیەکی گشتی ڕابوردوی تەواو پێکهاتوە لە ئاوەڵناوی کراو، لەگەڵ مۆرفیمی کاتی ئێستا و ڕاناوە لکاوەکان. وەکو پێشتر لە خاڵی حەوتەم ئاماژەمان پێکرد، ئاوەڵناوی بکەر، بە هۆی مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیاری دروستدەبێ، کە ئاماژە بە بکەرێکی نادیار دەکا. ئاوەڵناوی کراویش بە هۆی مۆرفیمی (و)ی بەرکار نادیاری دروستدەبێ، کە ئاماژە بە بەرکارێکی نادیار دەدا. یاسای داڕشتنی ئاوەڵناوی کراو لە تێنەپەڕدا بەم شێوەیە بەم شێوەیە:
{ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا،ی،ت،د،و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و)}:

وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

| ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو | ئاوەڵناوی کراو |
|---|---|---|---|
| سوتـ | ا | و | سوتاو |
| ڕز | یـ | و | ڕزیو |
| کەو | تـ | و | کەوتو |
| مر | د | و | مردو |

شێوەی داڕشتنی ڕابوردوی تەواویش لە کاری تێنەپەڕدا بەم شێوەیە:
{ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا،ی،ت،د،و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاو}:

| ڕەگی | م.ك. ڕابوردو | م. ئا. کراو | م. ك. ئێستا | ڕاناو | ڕابوردوی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|
| سوتـ | ا | و | ø | م | سوتاوøم |
| ڕز | یـ | و | ø | ی | ڕزیوøی |
| کەو | تـ | و | ە | ø | کەوتوەø |
| مر | د | و | ø | ین | مردوøین |

بەڵام لە چاوگە (و)ییەکاندا پێویستە بە هەمان شێوە بنوسرێن:

| چاوگ | ڕەگ | م. ڕابوردو | م. ئا. کراو | م. ئێستا | ڕاناو | ڕابوردوی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بون | بـ | و | و | ە | ø | بووەø |
| چون | چـ | و | و | ە | ø | چووەø |
| دروون | درو | و | و | ە | ø | دروووەø |
| گروون | گرو | د | و | ە | ø | گروووەø |
| هەنوون | هەنو | و | و | ە | ø | هەنوووەø |
| سوون | سو | و | و | ە | ø | سوووەø |
| فەرموون | فەرمو | و | و | ە | ø | فەرموووەø |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا پێویستە ڕەچاوی چەند تێبینییەك بکرێ:

١ـ ئەگەر چاوگەکانی (بون) و (چون) بە سیستەمی دو واوی (وو) بنوسرێن، ڕابوردوی تەواویان دەبێ بە سێ واو (ووو) بنوسرێ، (بوووە)، (چوووە). بۆیە سیستەمی دو واوی، خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکە پەیڕەو کراوە.

٢ـ ڕابوردوی تەواو لە چاوگەکانی (دروون، گروون، هەنوون، سوون، فەرموون)دا، واوی یەکەم لەگەڵ ڕەگی کارەکەدایە و واوی دوەم مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و واوی سێیەم مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە. هاتنی سێ واو بە دوای یەکدا دیاردەیەکی نامۆیە، ئەگەرچی بە پێی یاسا ڕێزمانیەکە دەبێ بەم شێوەیە بێ. بۆیە لە لای ئاخێوەری کوردی بە دو شێوە چارەسەر کراوە:

یەکەم: لەبەر ئەوەی هەرسێ واوەکە هاوشێوەن و یەکێکیان بزوێنە، واوەکەی تەنشتی دەخوا، یان دەسوێ و تەنیا دوان دەمێننەوە (درووە، گرووە، هەنووە، سووە، فەرمووە).

دوەم: لە هەندێ شێوەزاردا ئەو چاوگانە دەگۆڕێن دەبن بە چاوگی یایی: (دروین، گروین، هەنوین، سوین، فەرموین) و کاری ڕابوردوی تەواو بەم شێوەیە دەبێ:

| چاوگ | ڕەگ | م. ڕابوردو | م. ئا. کراو | م. ئێستا | ڕاناو | ڕابوردوی تەواو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بون | بـ | و | و | ە | ø | بووەø |
| چون | چـ | و | و | ە | ø | چووەø |
| دروین | درو | یـ | و | ە | ø | درویوەø |
| گروین | گرو | یـ | و | ە | ø | گرویوەø |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەنوین | هەنو | یـ | و | ە | ø | هەنویەوø |
| سوین | سو | یـ | و | ە | ø | سویەوø |
| فەرموین | فەرمو | یـ | و | ە | ø | فەرمویەوø |

١ـ هەنجیرەکە بووە.
٢ـ زۆربەی تەمەنی بەفیڕۆچووە.
٣ـ کراسەکەی درویەوە.
٤ـ لەناو پێستی گرویەوە.
٥ـ پشتی بە ڕۆن هەنویەوە.
٦ـ چەقۆکەی باش سویەوە.
٧ـ خوای گەورە وای فەرمویەوە: ...... (لە وەرچەرخانێکی زمانیدا، زۆر جار دەوترێ: فەرمویەتی).


**پ.د. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول**

**زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر**

**بەشی کوردی / کۆلێژی زمان**

**٠٧٥٠٤٦٤٩١٩٤**

abdulla.raswl@su.edu.krd


**٢٠ / ١٢ / ٢٠٢٠**